# سی فۆر کورد

www.c4kurd.com

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
ژمارەی متمانەی (١٦٥)ی پێدراوە

ژمارە 45

گۆڤارێکی مانگانەی ئەهلییە تایبەتە بە بواری تەکنەلۆژیای زانیارییەکان

ژمارە (٤٥) ساڵی چوارەم ئەیلولی ٢٠١٠

C4kurd
A Monthly Magazine Publication on Information Technology
No. (45) 4th Year September 2010




## پێکهاتەی سیدی دیاریی لەگەڵ گۆڤار

- فۆڵدەری *Subtitle* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 27 شیکراوەتەوە.
- فۆڵدەری *HideFolder* بەرنامەیەکی تێدایە لە لاپەڕە 29 باسکراوە.
- فۆڵدەری *Antivirus* تازەترین ڤێرژنی دوو جۆر ئەنتی ڤایرۆسی تێدایە.
- فۆڵدەری *wena* ١٥ وێنەی پێکەنینی تێدایە.
- فۆڵدەری *Country* پێکهاتوە لە ٢٠ وێنەی وڵاتان بۆ باکگراوندی کۆمپیوتەر.
- فۆڵدەری *Music* ١٥ نەغمەی تازەی لە خۆ گرتوە.
- فۆڵدەری *Games* ٣٠ یاری مۆبایلی تێدایە.
- فۆڵدەری *iPhone* ١٠ بەرنامەی ئایفۆنی تێدایە.
- فۆڵدەری *Screen* ٥ سکرین سەیڤەری تێدایە.
- فۆڵدەری *Power* چەند پاوەرپۆینتێکی سەرنجراکێشی تێدایە.

## ڤیدیۆ فێرکاریە کوردیەکانی تایبەت بە گۆڤار:

- وانەی پێنجەم لە فێربوونی فرۆنت پەیج.
- وانەی چوارەم لە بارەی فەیس بووک.


خاوەنی ئیمتیاز:
**شێخ فاتح ئیبراهیم**

سەرنووسەر:
**هێمن فاتح**
مۆبایل: 07504562693
ئیمەیل hemn@c4kurd.com

جێگری سەرنووسەر:
**هەردەوان نەقشبەندی**
مۆبایل: 07706449565
ئیمەیل harda@c4kurd.com

بەڕێوەبەری نوسین:
**حازم حەمەد جاف**
مۆبایل: 07504664288
ئیمەیل hazimjaf@c4kurd.com

دەستەی نوسەران:
**محەممەد ئەبوبەکر**
**مەهدی ئۆمەربلی**
**محەممەد مێرگەیی**
**کاروان دیبەگەیی**
**زەکەریا عەلی**

دیزاین:
گروپی سی فۆر کورد

ناونیشانی گۆڤاری سی فۆر کورد:
هەولێر - شەقامی سوڵتان موزەفەر - بازاڕی موزەفەرییە - نهۆمی سێهەم

ژمارەی حیسابی بانکی:
هەولێر – بانکی سۆران (٥٠٤٧)

نرخی ( ٢٥٠٠ ) دینارە

( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپ دەکرێت

لە چاپخانەی (حاجی هاشم) لە چاپدراوە


بۆ ناردنی بابەت و پێشنیار و رەخنەکانتان لە رێگەی ئیمەیلی:
np@c4kurd.com

# لەم ژمارەیەدا




| | |
|---|---|
| نوسەران و خوێنەرانی سی فۆر کورد پیرۆزبایی سێهەمین ساڵیاد دەکەن | 3 |
| چوار ساڵ خزمەتی بەردەوام و ٤٥ ژمارەی پڕ لە زانیاری و گەنجینەیەکی نمونەیی | 5 |
| چی دەکەیت کاتێك ئاو یان چایی دەڕژێتە سەر لاپتۆپەکەت؟! | 6 |
| چالاككردنی كلیكی ڕاست لەو وێبسایتانەی قەدەغەیان كردووە | 7 |
| جۆرەکانی کێبڵی ئیثەرنێت“Ethernet” | 8 |
| پرۆگرامێكی بچوكی مۆبایل، كارێكی زۆر گرنگ بۆ دەكات | 9 |
| سایتێك بۆ داونلۆدی هەموو بەرنامەكان | 10 |
| كورد چۆن سیم كارتی بۆ ئایفۆنی چوار دروستكرد؟ | 11 |
| دوو ڕێگا بۆ شكاندنی پاسۆردی User | 12 |
| دروستکردنی DVD لە ویندۆز7 | 12 |
| چۆن دەتوانی پاسۆردێكی بەهێز بۆ خۆت دروستبكەی؟ | 13 |
| وا لەكۆمپیوتەرەكەت بكەیت وەكو بەئاگاهێنەرێك كاربكات | 14 |
| فیلم و ڤیدیۆی ”3D“ سێ ڕەهەندی چۆن دروست دەكرێت؟ | 16 |
| چۆنیەتی قوفڵدانی فۆڵدەر لە ویندۆز (ئێكس پی) | 18 |
| هەواڵ | 20 |
| زنجیرەی فێربـونی مایكرۆسۆفت پاوەرپۆینت 2007 | 22 |
| بە 3 هەنگاو مۆبایلەكەت تازەبكەرەوە | 25 |
| بەرنامەیەك بۆ ژێر نووسكردنی فایلی ڤیدیۆیی | 27 |
| گۆڕینی ڕوكاری ویندۆز بۆ زمانی عەرەبی و توركی لە Windows7 | 28 |
| پرۆگرامسازی بەڕێگای جاڤا | 30 |
| ئاریەڵ وایەرلێسەكان | 32 |
| یـادگای سەرەكی | 34 |
| فەیسبووك سێهەم گەورەترین وڵات لە جیهاندا..!! | 36 |
| دوای مردنت چی بەسەر ئەكاونتەكانت دێت لە سەر ئینتەرنێت؟ | 37 |
| 6 سایتی تایبەت بە فێربونی فۆتۆشۆپ | 39 |
| سەرتاشخانەیەك لە هەولێر بە مۆبایل كاردەكات | 40 |


## جۆرەكانی كێبڵی ئیثەرنێت “Ethernet” 8



## سایتێك بۆ داونلۆدی هەموو بەرنامەكان 10




## بەرنامەیەك بۆ ژێرنووسكردنی فایلی ڤیدیۆیی 27



# نوسەران و خوێنەرانی سی فۆر کورد پیرۆزبایی سێهەمین ساڵیاد دەکەن

**م.صادق حەمەغەریب، مامۆستا لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئەدەبیات ـ زانکۆی سەلاحەدین**



❐ گۆڤاری "سی فۆرکورد" بە یەکێك لە گۆڤارە گرنگە زانستی و ئەکادیمییەکانی ڕۆژنامەگەری کوردی هاوچەرخ دێتە ئەژمار، کە لەبواری زانستی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای گەیاندن و ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردندا خزمەتێکی گەورەو بەرچاوی ئەنجامداوە. ئەویش لەبەر ئەوەی ستافێکی کارای شارەزاو ئەکادیمی کاری تێدا دەکەن و هەمئاهەنگن لەگەڵ پێشکەوتنی بەردەوامی جیهانی بوارەکەدا، هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازم.

**عبدالباسیت کامل فائیق قوتابی دکتۆرا لە ئایتی**



❐ گۆڤاری سی فۆر کورد دەروازەیەکی زۆر باشە بۆ دەرخستنی تواناکان و سوودگەیاندن بە خوێنەران و بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر پێم وایە ئەم گۆڤارە لە هەنگاوە ڕاستەکانە بەرەو پێشکەوتن و ڕۆشنبیربوونی خوێنەرانی لە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکاندا، خۆشحاڵم بەوەی بەشدار بووم ئەگەر بە بەشێکی زۆر کەمیش بێت لە هاودەمی لەگەڵ ئەم گۆڤارە، وەك خوێنەر و جاربەجاریش وەك نووسەر چونکە پێموایە داهاتوویەکی پرشنگداری دەبێت.

**ئەندازیار شیلان محمود سەرپەرشتیاری پسپۆری کۆمپیوتەر**



❐ پیرۆزبایتان لی دەکەم هیوادارم سەرکەووتووبن "سی فۆرکورد" یەکێکە لەو گۆڤارە زانستیانەی کە زۆر سوودمەندە زۆر هاوکاری زانستخوازەکان دەکات لە بواری زانستی کۆمپیوتەر و زۆر هانی خوێندکاران و مامۆستاکان دەدەم کە هەردەم خوێنەری ئەم گۆڤارەبن و سوودی لێوەربگرن جاریکیتر پیرۆزبایتان لێدەکەم و هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم

**هەردی جاف ـ نوسەر**

❐ بەبۆنەی داگیرسانی مۆمی سێ ساڵەی تەمەنی گۆڤاری سی فۆر کورد پیرۆزبایەکی گەرم ئاراستەی گشت خوێنەران و نووسەران و ستافی سی فۆر کورد دەکەم بەو هیوایەم ساڵی چوارەمی گۆڤاری سی فۆر کورد پڕ



بێت لە بابەتی بەسوود پڕ زانیاری و هەروەها پێشکەوتنی گۆڤارەکە لە گشت بوارەکان کە خوێنەر زۆرترین زانیاری و سوودی لێوەربگرێت ببێتە هۆکارێك بۆ پێشکەوتنی زانستی تەکنەلۆژیا لە کوردستان ئاشناکردنی بەخەڵك. لە کۆتاییدا پێشکەوتن و بەردەوامی بۆ گۆڤاری سی فۆر کورد.

**م. سۆزان کمال بەشی کۆمپیوتەر ئامادەی پیشەسازی بەکرەجۆ**



❐ پیرۆزبایی بێ پایان ئاراستەی(ستافی)دامەزرێنەری گۆڤارەکە دەکەم دەستخۆشیان لێدەکەم و هیوای تەمەن درێژی بۆ گۆڤارەکەو بۆ ستافەکەتان دەخوازم هەرسەرکەوتوبن بۆ بەرەو پێش بردنی (زانستی کۆمپیوتەر) و ناساندنی هەمووشێوازەکانی تەکنۆلۆژیای

www.c4kurd.com

سەردەمی جیهانگیری.

م .بشتیوان خلف حمه



لەیادی سێ ساڵەی گۆڤارەکەتاندا پیرۆزبایی لەیەکەبەیەکەی ستافە جوان و ماندوو نەناسەکەتان دەکەم، هیوام سەرکەوتن و کاری باشترە ئێوەش وەك گۆڤارێك بوێرانە هاتنەمەیدانی ڕۆژنامەگەری کوردی و خوێنەرانی دنیای تەکنەلۆژیاتان بێبەش نەکردووە لەهەواڵ و بابەتە شیکارییەکانی دونیای کۆمپیوتەر. دووبارە دەستان خۆش و بەهیوای کاری باشترو جوانتر هەرسەرکەوتوبن .

م.بەختیارسلیمان عبدالعزیز
نوسەر



بە بۆنەی پێنانە ناو ساڵی چوارەمی تەمەنی و دەرچوونی ژمارە (45) لە گۆڤاری سی فۆر کورد وەك یەکەم ژمارە لەم ساڵەدا، پیرۆزباییتان لێدەکەم و دەست خۆشی لە یەکەیەکەتان دەکەم و ماندوبوونتان بەرز دەنرخێنم. داواکارم گۆڤارەکەتان هەر بەردەوام بێ لە خزمەت کردن بە بواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکان، بە مەبەستی زیاتر ئاشنابوون و سوود وەرگرتن لە زانستی سەردەم و کۆکردنەوەی نووسەران و خوێنەرانی زیاتر لە چواردەوری گۆڤاری سی فۆر کورد. دووبارە دەستی ماندووبوونتان دەگوشم لەگەڵ ڕێزو سوپاسم. خوداش پشتیوانی هەموو کارێکی دڵسۆزانەتان بێت.

هۆمان فەرهاد مەحەمەد ـ نوسەر



❑ سەرەتا پیرۆزبایی لە ستافی سی فۆر کورد دەکەم بەبۆنەی سێهەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری سی فۆر کورد، بەڕاستی ئەم گۆڤارە توانی لە ماوەی ئەمچوار ساڵەدا خزمەتێکی گەورە بکات و سودێکی زۆر بە خوێنەران بگەیەنێت، هیوادارم ئەم ساڵیش کاری جوانتر پێشکەش بەزانستخوازان بکات و سوپاستان دەکەم.

سەروەر شوان ـ نوسەر



❑ بەبۆنەی سێهەمین ساڵیادی دەرچونی گۆڤاری(سی فۆر کورد) پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی ستافی گۆڤارو خوێنەرانی بەڕێز دەکەم.

من وەکو نووسەر لەچەند ژمارەیەکی کەم بابەتم هەبووە بەڵام وەکو خوێنەر زۆردەمێکە خوێنەری سی فۆر کوردم لەوکاتەوەی ڕۆژنامەبووە تاوەکو ئێستا.

هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیش بۆ ستافی (C4kurd) دەخوازم و بەوبۆنەشەوە تێبینیەکم هەیە سەبارەت بەناوی گۆڤارەکەتان، من پێموایە (C4kurd) شیاوترین ناوە بۆ گۆڤارێك کەتەنها بابەتی تایبەت بەکۆمپیوتەروتەکنەلۆژیای زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە، بەڵام گەربابەتەکانی گۆڤارەکەتان پڕژایە سەر ئامێرەکانی تری وەك مۆبایل و کامێراو ...هتد، پێم وایە ناوێکی گشتگیری هەبێت باشە، چونکە(C4kurd) ناوێکە تەنها پەیوەنی بەکۆمپیوتەرەوە هەیە.

فەرەیدون عومەرئەحمەد ـ خوێنەر



❑ براکانم لەگۆڤاری سی فۆرکورد سڵاوی زانست وپێشکەوتنی ئای تی لە کوردستانتان لێبێت، بەبۆنەی چوونەناوتەمەنی چوارساڵەی دەرچوونی گۆڤارەکەتان، پڕبەدڵ پیرۆزبایتان ئاراستە دەکەم لەتەواوی ستاف وهاوکارانی سی فۆرکورد، لەڕاستیدامن وەك خوێنەرێکی هەمیشەیی بەیەکەمین گۆڤاری پێشکەوتووی دەبینم، کە هەمیشە پێشەنگن لەخزمەتکردن لەبواری زانستی تەکنەلۆژیایی زانیاری و زۆرسوودمان لێوەرگرتووە، بۆیە ڕێگەم بدەن دەستی ماندووبوونتان بگووشم وهەمیشە هیوای سەرکەوتنتان لەخودای گەورەداواکارم،تەمەندرێژی بەرێزتان وگۆڤارەکەمان ئاواتمانە. بۆپ یشەوە

بژی کوردستان بژی کورد بژی گۆڤاری سی فۆر کورد.



# سێ ساڵ خزمەتی بەردەوام و ٤٥ ژمارەی پڕ لە زانیاری و گەنجینەیەکی نمونەیی

هێمن فـــاتـــح

❑ گۆڤاری سی فۆر کورد یەکێکە لەو گۆڤارە دیارانەی کە خزمەتێکی زۆری بـواری تەکنەلۆژیای زانیاریەکانی کردوە لە کوردستاندا. شانبەشانی گۆڤارەکانیتر چ ئەوانەی پێشتر دەرچون و ئێستا بڵاو ناکرێنەوە چ ئەوانەی ئێستا بەردەوامن لە خزمەت، سی فۆر کورد هەمیشە هەوڵیداوە بەرێگەی تایبەتی خۆی زانیاری ئای تی لە کۆمەڵگای کوردی پێشبخات. چونکە هەر لە سەرەتای کارمان باوەڕمان بەوە هەبوەو هەیە کە حکومەتێکی ئەلیکترۆنی کاتێك دروست دەبێت کە کۆمەڵگایەکی ئەلیکترۆنیمان هەبێت.

کەواتە یەکەم ئامانجمان ئەوەبووە کە ئێمە هەوڵ بدەین ئەم کۆمەڵگایەمان رێك بخەین و ئامادەی بکەین بۆ قبوڵ کردنی حکومەتی ئەلیکترۆنی کە ئاواتی هەموو کەسێکی شارەزایە لەمبوارەدا.

ئێمە و نوسەران و خوێنەرانی ئەم گۆڤارە شانازیە بۆمان کە توانیومانە ببینە یەکەم گۆڤاری کوردی تایبەت بە تەکنەلۆژیای زانیاریەکان کە زۆرترین ژمارەی لێدەرچوبێت، بێوەستان و بەبێ ماندووبوون هەمیشە هـەوڵدراوە لەکاتی خۆی بگاتە دەسـت تامـەزرۆیانـی ئـەمـبوارە. بۆیە دەتوانین بڵێین 45 ژمارەی بێدابڕانی گۆڤاری سی فۆر کورد لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو تەنها بە کەسانێك دەکرێت کە بڕیاری تەواویاندابێت بۆ خزمەتکردن بێئەوەی بیر لە هیچ بەرژوەندیەکیتر بکەنەوە، بەڵکو تەنها ئاواتێکیان تێگەیاندن و پێگەیاندن و پێشخستنی کۆمەڵگاو تاکەکانیەتی لەمبوارەدا. ئەم کارەش بە هەوڵ و ماندووبونی نوسەرەکانی بووە کە هەموو ژمارەیەك بێماندووبون بە بابەتی بە پێزو بەهێز سی فۆر کوردیان ڕازاندۆتـەوە. هەروەها خوێنەرە زۆر ئازیزەکانی گۆڤارەکە فاکتەرێکی تری بەهێزی بەردەوامی بووە، چونکە هەمیشە بە نامەو بە مۆبایل و بـەرەوڕوو پاڵپشتی و خەمخۆری و هاندانی خۆیان بۆ گۆڤاری سی فۆر کورد دوو بارە کردوەتەوەو کاتانێك گوێمان لە وشە جوانانەکانیان بووە هەموو ماندوبوونی گۆڤار لە بیر کراوەو هەوڵی زیاتر دراوە بۆ جوانترکردن و بەهێزتر کردنی بابەتەکانی و بەردەوامی لە کارەکاندا.

گشتگیری بابەتەکان و رەچاوکردنی هەموو ئاستەکان و هاندانی نوسەران بۆ نوسین لەمبوارەداو کارو چالاکیەکانی ستافی گۆڤار یەکێکە لە فاکتەرە هەرە بەهێزەکانی مانەوەی سی فۆر کورد و بەردەوامبوونی.

لە مـاوەی 45 ژمـارەدا هـەوڵ دراوە بابەتەکان گشتگیر بێت، ئەو شتانە بڵاو بکرێتەوە کە ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمە پێویستیەتی و رەچـاوی هەموو ئاستەکان بکرێت هـەر لە کەسێکی سادەی تازەبەکارهێنەری کۆمپیوتەر تا کەسێکی پێشکەوتوو لەو بوارەدا.

هەروەها هاندانی کەسانی شارەزاروپسپۆر لەمبوارە بۆ نوسین، کە دەزانرێت کەسانی شارەزامان زۆرە بەڵام کەسانی نوسەرمان لەمبوارەدا کەمە و سی فۆر کورد هەمیشە لە هـەوڵی ئـەوەدا بـووە ئـەو کەسانە هـانبدات بۆ نوسین و خزمەتکردنیان لە بواری رۆژنامەگەری.

ستافی سی فۆر کوردیش یەکێکە لەو فاکتەرانەی وایکردوە کە سی فۆر کورد تاکە گۆڤاری تایبەت بە کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بێت زۆرترین ژمارەی لێبڵاوبکرێتەوەو بفرۆشرێت و زۆربەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان پێی ئاشنا بن. چونکە ستافی گۆڤار کەسانێکن کارو چالاکی و ژیانی رۆژانەیان پەیوەستە بەمبوارەو رۆژانە شتی تازە فێردەبن و بەردەوام ئاگایان لە گۆڕانکاریەکانی ئەم زانستە هەیە. بە جۆرێك هەر یەکەیان شارەزاییەك و لێهاتویەکی ئەمبوارەن و لە شوێنی ئیش و کاریان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆیە لێهاتووی و شارەزایی ستافەکەش لە گۆڤارەکەدا رەنگدانەوەی خۆی هەیە و بووەتە پلیکانەیەك بۆ سەرخستنی گۆڤار لە مـاوەی سێ سـاڵی رابردوو.

ئێمە لـە ستافی گۆڤـار بڕیـاری بـەردەوامـی و خزمەتی بەردەوامیمان داوەو هەمیشە چاومان لەسەر زیاتر پێشخستن و زیاتر خزمەتکردنە لە بـواری ئـای تی لە کوردستاندا و پێمانوایە ئەم بوارە پێشمەرگەو کۆڵنەدەری خۆی دەوێت کە ئەویش خۆی لە خوێنەرو نوسەرو ستافی سی فۆر کورددا دەبینێتەوە، ئێمەش بە یارمەتی هەموو لایەك هەوڵ دەدەین ئەگەر کارەکەمان کەم و سادەش بێت، بەڵام بەو ئومێدەین توانیبێتمان و بتوانین خزمەتێك بە گەلەکەمان بکەین کە هەمیشە خۆمان بە قـەرزاری دەزانین، چونکە گەلەکەمانە کورد بونی بە ئێمە بەخشیوە کە گەورەترین شانازیە بۆمان...

www.c4kurd.com

# چی دەكەیت كاتێك ئاو یان چایی دەڕژێتە سەر لاپتۆپەكەت؟!



❑ خواردن و خواردنەوە لەكاتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەر بەتایبەت لاپتۆپ كارێكی باش نییە، شارەزایان بە بەردەوامی بەكارهێنەران ئامۆژگاری دەكەن بە نەخواردن و نەخواردنەوەو جگەرەنەكێشان لەكاتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەردا. كەوتنەخوارەوەی پارچەی بچوكی خۆراك و پاشماوەی جگەرە و شلەمەنی گەرم یاخود سارد بۆ سەر كیبۆردی كۆمپیوتەرەكەت دەبێتە هۆی زەرەرو زیانی گەورە كە بیرت لێنەكردۆتەوە، بەتایبەت بۆسەر كیبۆردی لاپتۆپ كە زیانەكەی زۆر زیاترە لە كیبۆردی كۆمپیوتەری كەسی، چونكە كیبۆردی لاپتۆپ راستەوخۆ لەسەر مەزەربۆرد و پارچەكانی تری لاپتۆپەكەن، بۆیە رژانی شلەمەنیەكان بەخێرایی دەگەنە سەر مەزەربۆردو پێكهاتە ئەلیكترۆنیەكانیتر.

ئەگەر رۆژێك لە رۆژان تووشی ئەم كارەساتە ناخۆشە بویت و شتێك رژایە سەر لاپتۆپەكەت، پێویستە زۆر بە خێرایی ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بكەیت بۆ كەمكردنەوەی زیانەكان، ئەوە بزانە كەچەند چركەیەك دواكەوتن لە ئەنجامدانیان لەوانەیە ببێتە هۆی لەدەست دانی لاپتۆپەكەت:

1. ئەگەر لاپتۆپەكەت بە كارەباوە بەسترابوو، ئەوا زۆر بەخێرایی كارەباكەی لەسەر ببڕە و هەوڵ بدە زۆر بەخێرایی پاتری لاپتۆپەكەش دەربهێنێت. هەرچەندە خێراتر سەرچاوەی وزە لە سەر لاپتۆپەكە ببڕیت ئەوا ئیحتیمالی سووتانی پێكهاتەكانی لاپتۆپەكەت كەمتر دەبێتەوە.
2. لاپتۆكە سەراولێژ بكەوە بۆ ئەوەی زۆرترین شلەمەنی لەناو لاپتۆپەكە بێتە دەرەوەو بكەوێتە خوارەوە، بەڵام وریابە زۆر بەتوندی و بەهێز هەڵسوكەوت لەگەڵ لاپتۆپەكە مەكە چونكە لەوانەیە زیانەكانی هەڵسوكەوتی بەهێز هیچ جیاوازیەكی نەبێت لەگەڵ زیانەكانی شلەمەنییەكە.
3. هەرچی پارچەیەكی لاپتۆپەكە لەرووی دەرەوە دەتوانێت لێبكەیتەوە لێی بكەوە وەكو سیدی درایڤ، چونكە لەوانەیە زیانەكان كەمتر بكاتەوە.
4. بە پارچە قوماشێكی لۆكە كە شلەمەنی زۆر هەڵبمژێت هەستە بە سڕینەوەی لاپتۆپەكە.
5. دەتوانیت ئامێری پرچ وشككردنەوە بەكاربهێنیت بۆ وشككردنەوەی لاپتۆپەكە بەلام وریابە نابێت هەوای گەرم بەكاربهێنیت دەبێت هەواكە ساردبێت، چونكە هەوای گەرم لەوانەیە ببێتە هۆی سوتاندنی پارچەی ئەلیكترۆنی ورد لەناو لاپتۆپەكە.
6. بۆماوە 12 تا 24 كاژێر لاپتۆپەكە بەكارمەهێنە تا ئەوكاتەی دڵنیا دەبێت كە هەموو پارچەكانی ناوەوە بەتەواوی وشك بوونەتەوە.
8. ئەگەر دڵنیایت لەوەی كە لاپتۆپەكە بەتەواوی وشك بۆتەوە، ئەوا ئەو پارچانەی كە لێت كردبوونەوە بیانبەستەوەو لاپتۆپە دابگیرسێنە بزانە لاپتۆپەكەت بەتەواوی كار دەكات.
7. بەڵام وا چاكترە بۆ دڵنیابوونی زیاتر لاپتۆپەكە بەكەسێكی شارەزا لەو بوارە پیشان بدەیت، نەوەك رژانی شلەمەنیەكە كاریگەری خراپی جێهێشتبێت و لە دوارۆژ زیان بە لاپتۆپەكە بگەیەنێت.

### چەند ئامۆژگارییەك بۆ پاراستنی لاپتۆپەكەت لەم كارەساتانە:

1. هەوڵ بدە بە هیچ شێوەیەك نە خواردن و نە خواردنەوە و نە جگەرەش نەكێشیت لەكاتی بەكارهێنانی كۆمپیوتەر.
2. بەكارهێنانی نایلۆنی تایبەت كە بۆ سەر كیبۆردی لاپتۆپ بەكاردەهێنرێت.
3. هەڵگرتنی كۆپی لە فایل و زانیارییەكانت لە دەرەوەی لاپتۆپەكەت لەسەر هاردێك كارێكی باشە بۆ پاراستنی زانیارییەكانت چونكە پێویستە هەركات و ساتێك رووداوی ئاوا چاوەڕوان بكەیت.



www.c4kurd.com


# چالاککردنی کلیکی ڕاست لەو وێبسایتانەی قەدەغەیان کردووە




❑ هەندێک لە وێبسایتەکان بۆ پاراستنی ناوەڕۆک، کلیکی ڕاست (right click)یـان قـەدەغـە کـردووە تا بەکارهێنەر نەتوانێت دەقەکان کۆپی بکات یان وێنەکان پاشەکەوت بکات. بەڵام ئـەوە کـارە هیچ ڕێگر نییە لەبەردەم چالاککردنەوەی کلیکی ڕاست لـەسـەر ئـەو وێبسایتانە. بۆیە زۆربـەی کات ناچالاککردنی کلیکی ڕاست لەلایەن وێبسایتەکانەوە، بەبڕوای من بەڵگەی نەزانی یان کەم شارەزایی و بێئاگایی خاوەن وێبسایت دەگەیەنێت. بۆیە منیش لەم بابەتەدا بەپێویستمزانی چۆنییەتی چالاککردنی کلیکی لای ڕاست ڕوونبکەمەوە لەو براوسـەرانەی کە لەلای زۆرینەی بەکارهێنەرەوە بەکاردەبرێت. بەرلەوەی دەست بە ڕوونکردنەوەی کارەکە بکەم دەمەوێت خوێنەر ئەوە بزانێت، ئەم کردارە بەدوو ڕێگا ئەنجام دەدرێت، ڕێگای یەکەم پێویستی بەداونلۆدکردنی هیچ بەرنامەیەك نییە و بەهۆی ناچالاککردنی جاڤاسکریپتەوە ئەنجام دەدرێت لەناو براوسـەرداو هەروەها ڕێگای دووەم بەهۆی داونلۆدکردنی پلەگینەوە ئەنجام دەدرێت. ئێمە تەنها باس لە ڕێگای یەکەم دەکەین:

ڕێگای یەکەم: ناچالاککردنی جاڤاسکریپت

قـەدەغـەکـردنی کلیکی ڕاسـت بـەهـۆی دانـانـی کۆدێکی جاڤاسکریپتەوە دەبێت، بۆیە بە ناچالاککردنی جاڤاسکریپت لە براوسەرەکەدا، دەتوانیت توانای کلیککردنی ڕاست بگێڕیتەوە (جاڤاسکریپت زمانێکی بنەڕەت و پێویستی وێبە و لە زۆربەی




وێبسایتەکاندا بەکاردەهێنرێت. نابێت بە هەمیشەیی ناچالاک بکرێت، بەڵکو تەنها بۆ ئەو کاتەی پێویستت بە چالاکردنەوە کلیکی ڕاستە. دواتر یەکسەر چالاکی بکەرەوە).




1. ناچالاککردنی جاڤاسکریپت لە فایەرفۆکس/Mozilla Firefox

کلیك لـەسـەر (Tools) بـکـە و دواتـر (Options) و پـاشـان (Content) و لـەوێدا نیشانەی ڕاست لە Enable JavaScript لابدە.

2. ناچالاککردنی جاڤاسکریپت لە ئینتەرنێت ئێکسپلۆرەر/ Internet Explorer

لیـك لـەسـەر (Tools) و دواتـر (Internet Op-tions) هەڵبژێرە و لەناو ئینتەرنێت ئۆپشن کلیك لەسەر (Security) بـکـە و دواتـر کـلـیك لـە بـۆتـۆنـی (Custom Level) بـکـە پـاشـان پـەنـجـەرەیـەکـت بـۆ دەکـرێـتـەوە. لـە خـــوارەوەی پـەنـجـەرەکـە لـەو شـوێـنـەی نـووسـراوە (Active Scripting) کلیك لە (Disable) بکە.

www.c4kurd.com

# جۆرەکانی کێبڵی ئیثەرنێت"Ethernet"



کاروان دیبەگەیی- قوتابی ماستەر

هەمومان ئەوە دەزانین کەوا کێبڵی ئیثەرنێت زۆر جۆری هەیەو وەکو یەك نین ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لەرووی گواستنەوەی زانیاری و خێرایی گواستنەوەی زانیاری لەم کێبڵانەدا. بەپێی ئەو ستانداردانەی کەوا ئێستا هەن بۆ پۆلێنکردنی کێبڵی ئیثەرنێت دابەش دەبن بۆ سەر حەوت جۆر- Category کەلەو حەوت جۆرەشدا چەند جۆری تری لێ دەبێتەوە، کە ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بزانین چ جۆرە کێبڵێك بۆ ئەو کارە پێویستە لەرووی قەبارەو دووری شوێنەکەو جۆری گواستنەوەی زانیارییەکان کە لەخوارەوە ئاماژە بە یەکەیەکەیان کراوە:

## 1- CAT 1

مەبەست لە Cat کورتکراوەی categoriesیـەو یەکەم جۆری کێبڵ بوو کە دروست کرا، بەڵام لەرووی تەکنیکیەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیثەرنێتەوە نەبوو زیاتر لە دروست کردنی کێبڵی تەلەفۆن و هێڵەکانی ISDNدا بەکاردەهات.

## 2- CAT 2

دووەم جۆرە لە پۆلێنەکانی کێبڵ کە ئەمەشیان لەرووی تەکنیکیەوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیثەرنێتەوە نییە، خێراییەکەشی لە هەر 4 چرکەیەکدا لە 1مێگابت تێپەرناکات. زیاتر لە نێتۆرکەکانی Token Ringدا بەکاردەهات کە لەرەلەری دەگەیشتە 1MHZ.

## 3- CAT 3

یەکەم جۆری کێڵی ئیثەرنێتە کە خێراییەکەی دەگاتە 10مێگابت، لەسەرەتای نەوەدەکان بەکارهێنانی ئەم جۆرەیان دەستی پێکرد بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی CAT5 چیتر بەکارنەهاتەوە بۆ ئیثەرنێت و ئێستا زیاتر بۆ هێڵەکانی پەیوەندی و یاخود لە VOIP Telephoneدا بەکاردێت کە لەرەلەرەکەی دەگاتە 16MHZ.

## 4- CAT 4

ئەم جۆرەشیان زیاتر لە نێتۆرەکەکانی Token Ringدا بەکاردەهات لە چوار جووت وایەر پێك هاتبوو کە خێرایی گواستنەوەی زانیاری تێیدا دەگەیشتە 16 مێگابت و لەرەلەرەکەشی دەگەیشتە 20MHZ.

## 5- CAT 5

ئەم جۆرە پۆلێنە بەبەراورد لەگەڵ پۆلێنەکانی پێشووتر خێراییەکی لەرادەبەدەری هەبوو کە دەگەیشتە 100مێگابت لە چرکەیەکدا، لەگەڵ تەکنیکی ئیثەرنێتیش بەکاردەهات. هەروەها زۆر گونجاویش بوو بۆ بەکارهێنان لەگەڵ ئەو تەکنیکانەی کە بۆ گواستەوەی دەنگ و Token Ringو ATMدا.

## 6- CAT 5E

ئەمەش لەناوەکەیەوە دیارە کە هەر لە پۆلێنەکانی CAT5دایە بەڵام تایبەتمەندی زیاتری پێدراوە بۆ ئەوەی بتوانرێت سەپۆرتی Gigabyte Ethernet بکات کە خێراییەکەی دەگاتە 125مێگابت.

## 7- CAT 6

ئەم جۆرە پۆلێنە تایبەت بوو بە Gigabyte Ethernet کە خێراییەکەی دوو هێندەی CAT5E کە دەگەیشتە 250مێگابت.

## 8- CAT 6A


ئەم پۆلێنەش لەناوەکەی بۆمان دەردەکەوێت کە هەر CAT6 بەڵام تایبەتمەندی زیاتری پیدراوە بۆ ئەوەی سەپۆرتی 10Gigabyte Ethernet بکات کە خێراییەکەی دەگاتە 500مێگابت.


## 9- CAT 7

ئەم جۆرە پۆلێنە بەتایبەتی دیزاین کرا بۆ 10Gigabyte Ethernet کەخێراییەکەی لە پۆلێنی پێشووتر تێپەراندو گەیشتە 600 مێگابت هەر جوتێکیش لەوایەرەکان بەماددەیەکی تایبەت لەیەك جیاکراونەتەوە.

## 10- CAT 7A


ئەم جۆرەشیان هەر CAT7 بەڵام تایبەتمەندی زیاتری پێدراوە بۆ ئەوەی بتوانی سەپەۆرتی 100Gigabyte Ethernet بکات کە خێراییەکەی دەگاتە زیاتر لە 1000 مێگابت.



www.c4kurd.com

# پرۆگرامێکی بچوکی مۆبایل، کارێکی زۆر گرنگت بۆ دەکات




زۆر پرۆگرام و بەرنامەی بچوك هەن لەبەردەستماندا کە کاری زۆر گەورە و ناوازە ئەنجامدەدەن، بەڵام بەهۆی بێ ئاگایمان لەو بەرنامە و پرۆگرامانە لەوانەیە هەرنەشمان بیستبێ چین و بۆچی بەکاردێن، کە ڕەنگە لەمۆبایلەکانیشماندا هەبێت. ئەوەی من دەمەوێت لەم بابەتەدا باسیبکەم پرۆگرامی خوێندنەوەی (QR Code)ـە.

QR Code بریتییە لە کۆدێکی سادەی دوو ڕەهەندی (2D) کە زانیاری یان نووسراوێکی کورتی تیادا دەنووسرێت، وەک: کورتەنامە، لینك، ژمارەی تەلەفۆن، دەق. کە بەشێوەی وێنەیەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك چوارگۆشەی ڕەش وسپی دەردەکەوێت. (QR) کورتکراوەی (Quick Response)ـە، کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن کۆمپانیایەکی یابانییەوە دروست کراوە. یەك لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەم کۆدە ئەوەیە دەتوانیت بەهۆی کامێرای مۆبایلەکەتەوە وێنەی کۆدەکە بگریت و تەواوی زانیاری ناوەڕۆکەکەی بخوێنیتەوە.

ئەمڕۆ هەندێك لە کۆمپانیاکان بەتایبەت لە یابان، QR لە کاڵا و بەرهەمەکانیاندا بەکاردەهێنن یان لە (Business Card)ـەکاندا بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵگرتنی زانیاری و پەیوەندیکردن تا بە ئاسانی بتوانرێت زانیارییەکان لە مۆبایلەکەتدا پاشەکەوت بکەیت بەبێ ئەوەی پێویست بکات هەموو ئەو زانیارییانە بنووسیتەوە.

## خوێندنەوەی کۆدی QR

زۆرینەی مۆبایلەکانی ئەمڕۆ و هەموو مۆبایلە هۆشمەندەکان کە کامێرایان تیادایە دەتوانن کۆدی QR بخوێننەوە بە داونلۆدکردنی پرۆگرامێکی تایبەت بەخوێندنەوەی QR. هەڵبەتە هەموومان ئەوە دەزانین کە پرۆگرامەکان لە مۆبایلێکەوە بۆ مۆبایلێکیتر جیاوازن. بۆ زۆرینەی مۆبایلەکانی جۆری نۆکیا کە سیستەمی سیمبیان بەکاردەبەن، چەند پرۆگرامێکی خۆڕایی هەن دەتوانیت لە لەڕێی ئەم لینکەوە (store.ovi.com/search?q=QR+reader) دایانبگریت.

## دروستکردنی کۆدی QR

بۆ دروستکردنی کۆدی QR دەتوانی زۆر بە ئاسانی بەهۆی ئەم سایتەوە کۆدەکە دروست بکەیت و دواتریش وێنەی کۆدەکە لەلای خۆت پاشەکەوت بکەیت.

سەرەتا ئەم سایتە بکەرەوە (qrcode.kaywa.com)، پاشان لەبەشی لای ڕاست جۆری زانیارییەکە دیاری بکە کە دەتەوێت لەناو کۆدەکە پاشەکەوتی بکەیت، کە لەچوار بەش پێکهاتووە:

URL: بۆ نووسینی لینکە

Text: بۆ نووسینی دەق

Phone Number: بۆ نوسینی ژمارە مۆبایلە

SMS: بۆ نووسینی کورتە نامەیە

پاش ئەوەی یەکێك لەو جۆرانەت هەڵبژارد و نووسینەکەت تێدا نووسی لەبەشی (Size) دەتوانی قەبارەی وێنەی کۆدەکە دەست نیشان بکەیت، کە چوار قەبارەی جیاوازی لەخۆگرتووە و پاش ئەوەی قەبارەکەشت دیاری کرد کلیك لەسەر (Generate) دەکەیت بۆ ئەوەی کۆدی کیوئارەکە دروست ببێت.

ماوەتەوە بڵێین ئەم کۆدە لە زۆر بوارەدە دەتوانین سوودی لێوەربگرین، بۆ نمونە جاری وا هەیە وایپێویست دەکات نووسینێك یان ژمارە مۆبایلێك یان لینكێك پاشەکەوت بکەین و بەشێوەی کیوئار کۆد بینێرین بۆ ئەو کەسەی مەبەستمانە، ئیتر هیچ کەسێکیتر ڕەنگە نەتوانێ لەو کۆدە تێبگات مەگەر تەنها ئەوانەی زانیارییان هەبێت لەسەر کیوئارکۆد.

# سایتێك بۆ داونلۆدی هەموو بەرنامەكان



توانا ئەسعد تەها ـ قۆناغی چوارەم ـ زانستی كۆمپیوتەر
twanacomputer1989@yahoo.com

❐ ڕەنگە بپرسن چۆن دەكرێت واز لەكرینی كۆلێكشنی پرۆگرامەكان بهێن لەبەر ئەوەی بەردەوام پێویستمان بە نوێترین ڤێرژنی پرۆگرامەكان دەبێت،من دەڵێم ئەم كارە دەكرێت زۆر بەئاسنی و دەتوانم بڵێم بەش بەحاڵی خۆم دەمێكە وازم لە كرینی كۆلێكشنی پرۆگرامەكان هێناوە ، دەتوانین هەندێك لە پرۆگرامەكانمان دەستبكەوێت لەڕێگای گەڕانی گوگڵەوە بەڵام زۆربەیان بەشێوەی (Trial)ن،بەڵام دەكرێت لەمەوپاش ئەو پرۆگرامەی كە مەبەستە بەئاسانی وەریبگرە ئەویش لە وێبسایتی بەناوبانگی www.downarchive.com.

لەبەر ئەوەی هەموو جۆرە پرۆگرامەكان هەر لە سیستمی كارپێكردن و نوێترین ئەنتی ڤایرۆس و بەتایبەتی هەموو ڤێرژنەكانی كاسپەرسكای و تازەترین كلیەكانی و پرۆگرامەكانی بواری مونتاژ و كاری گرافیك و پرۆگرامسازی و مەلتیمدیا و ئۆفیس و بەرنامەی جۆراوجۆر بۆ مۆبایل هەر لە نۆكیاو ئای فۆن و ئای پاد. دەتوانم بڵێم كە زۆرترین یاری بەشێوەی سی دوری و یاری تایبەتی پلەیستەیشن و XBOX ......هتد.

تەنات كۆمەڵێكی یەكجار زۆر لە تێمپلێتی ئامادەكراو و سەرنج ڕاكیش هەریەكە لە(JPG,PSD,FLAH,CSS,.......) لە خۆدەگریت ، جگە لەوەی كە نوێترین و فلیم و پەرتوكی زانستی لەهەموو بوارەكان لەگەل فێركاری ڤیدیۆیی هەموو پرۆگرامەكان. دەتوانین هەموو پرۆگرامەكان بەشێوەی خۆرایی داونلۆد بكەین.

ماوەیەك بەرلەئیستا لە بازاڕ نوێترین كۆلێكشنی پرۆگرامەكانم كڕی، كاتێك سەیری ڤێرژنی پرۆگرامی بەناوبانگی (Internet Download Manager)مكرد ڤێرژنەكەی 9.18 هەر لە هەمان ڕۆژ سەردانی وێبسایتی ناوبراوم كرد بینیم كە ڤێرژنێك لەو نوێتری تیادابوو ئەویش 9.19، ئەوەی مایەی خۆشحاڵی پرۆگرامەكانی ئەم وێبسایتە هەموویان بەشێوەی تەواو (Full version)ن واتا بەشێوەی (Trial)نیە. سەیری لاپەڕەی سەرەكی وێبسایتەكە بكە.

هەروەكو باسمان كرد كە دەتوانین پرۆگرامەكان بەخۆرایی داونلۆد بكەین بەس پێویستمان بە كەمێك شارەزابوون هەیە لە وێبسایتەكە، لەدەستی ڕاستی وێبسایتەكە شوێنێ تایبەت هەیە بۆ گەڕانی ئەو پرۆگرامەی كە مەبەستە، و لەبەشی لای





چەپدا Categories هەیە هەموو پرۆگرامەكان و شتیتری تایبەت بە داونلۆدكردن پۆلینكراوە، بۆنمونە تۆ دەتەویت سەیری بەشی ئەنتی ڤایرۆس بكەیت بەكلیك كردن لە بەشی Anti-Virus لە لیستی Categories هەموو ئەو پرۆگرامانت نیشان دەدات كە تایبەتە بە پاراستن لە ڤایرۆس و دەتوانیت پرۆگرامەكان داونلۆد بكەیت.

## چۆن پرۆگرامەكان داونلۆد بكەین بەشێوەی خۆرایی؟

هەروەكو باسمانكرد لەشوێنی تایبەت بە گەڕان ئەوپرۆگرامەی كە مەبەستمانە دەینوسین، بۆنمونە من دەمەوێت دواترین ڤێرژنی (Internet Download Manager) داونلۆد بكەم لەدوای نوسینی ناوی پرۆگرامەكە هەموو ڤێرژنەكانی ئەم پرۆگرامەمان نیشان دەدات.

ئێمە كلیك لەسەر یەكێكان دەكەین كە دەمانەوێت داونلۆدی بكەین دوای كلیك كردن لەسەری لاپەڕێكی نوێ دەبێتە كەزانیاری لەسەر پرۆگرامەكە تێدایە و لەبەشی خوارەوە





www.c4kurd.com

كليك لەسەر لينكی دوانلۆدكردن دەكەين. سەيری وێنەكە بكە




پاشان ئەو وێبسایتە دەبێتەوە كە پرۆگرامەكەی لێئەپلۆدكراوە و پاشان كليك لەسەر (REGULAR DOWNLOAD) دەكەين. سەيری وێنەكە بكە




پاش 1خولەك چاوەڕوان بكە، پاشان ئەو تێكسە بنوسە لەشوێنە بەتاڵەكە،




و كليك لێرە بكە بۆ دوانلۆد كردن. سەيربكە لە وێنەكەدا ديارە:




تێبينيەكی زۆر گرنگ: هەموو پرۆگرامەكان لە وێبسايتەكانی تايبەت بە بەرزكردنەوی فايل دانانراوە وەكو (hotfile ,uploding ,Rapidshare ,depsitfile) كاتێك كليك دەكەين بۆ داونلۆدكردنی پرۆگرامەكان ئەم وێبسایتانە دەكرێت و بۆ داونلۆدكردنی بەشێوەی خۆرایی لەم وێبسایتانە پێوستە كليك لەسەر (REGULAR DOWNLOAD) بكەين.

بەڵام بەشەكەی تری داونلۆد بە پارەیە ئەگەر ئەكاونتت نەبێت ناتوانيت داونلۆدی بكەيت.

بەم شێوەيە بە شێوەيەكی ئاسان دەتوانيت كارەكە ئەنجام بدەيت و هەميشە تازەترين ڤێرژنی هەر بەرنامەيەك ئەگەر ويستت داونلۆدی بكەيت.



# كورد چۆن سيم كارتی بۆ ئايفۆنی چوار دروستكرد؟

باوكی بەهەشت


❒ دوای دەرچونی ئايفۆنی چوار هەمومان عاشقی بوين و كاتێك زانيمان ئەم جۆرە ئايفۆنە سيم كارتی ئاسايی ناخوات و پێويستی بە سيم كارتی مايكرۆ هەيە. كەمێك دڵمان لێی ساردبوە. چونكە من هەميشە حەزم لە شتی تازەيە ئەو تايبەنمەندیيانەش لەودا هەيە سەرنج ڕاكێشە، كە ئەوانەی حەزيان لەو جۆرە تەكنەلۆژيايەيە تامەزرۆی كرينی ئەوەن.

بەڵام نەبونی مايكرۆ سيم كارت هەموو شتەكانی تێكدا و بێ هيوابوين و چاوەڕێ بوين كەی كۆرەك و ئاسيا سيم كارتی مايكرۆ دروست دەكەن.

سيم كارتی مايكرۆ لەو جۆرە سيم كارتەی خۆمان بچوكترە وەكو چۆن ميمۆری مۆبايل گەورە بوو ئێستا زۆر بچوك بووەتەوە ئەويش بە هەمان شێوەيە.


بەڵام ئەوەی سەير بوو جارێكيان لەگەڵ هاوڕێيەكمدا چوينە بازاڕ بۆ كرينی مۆبايل، دوكانێك زۆر سەرنجی ڕاكێشاين كە پڕ بوو لە ئای پاد و ئايفۆنی چوار، خۆمان پێ نەگيراو چوينە ژوورەوە. دوای كرينی مۆبايلەكە لەوێ پرسياری ئەوەمان لێكرد لەگەڵ ئەوەی ئايفۆنی چوار نرخی لە 1000$ دۆلار زياترە چۆن بۆيان دەفرۆشرێت چونكە سيم كارتی مايكرۆ وەردەگرێت. خاوەن دوكانەكە زەردەخەنەيەكی كرد و وتی بەئاسانی چارەسەرمان كردوە. لەگەڵ ئەوەی ئێمە خۆمان بە عەبقەری دەزانی بەڵام دەممان داچەقاند و گوێمان قوڵاغ كرد بزانين چۆن؟

وتی سەيری شوێنی سيم كارتەكەمان كردو بە مەقەست بەقەد ئەو قياسە سيمكارتەكەمان بڕی. ئيتر ئيشەكە حەل بوو. تۆزێك پێكەنين و وتمان بەڕاستی وايە كە "دەڵێن پێويستيەكان دايكی هەموو داهێنانەكانە".



www.c4kurd.com

# دوو ڕێگا بۆ شکاندنی پاسۆردی User




❑ زۆرجـار پاسـۆرد بۆ کۆمپیوتەرەکەمان دادەنێین و لە بیرمان دەچێتەوە، ئەمیش دەبێتە هۆی نەتوانینی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر. بۆ ئەم کارەش دوو ڕێگا هەیە دەتوانیت بچیتە ژوورەوە زیاتریش ئەم کارە لە ویندۆز ئێکس پی دەبێت.

1- سـەرەتا پاش ئەوەی کۆمپیوتەرەکەمان داگیرساند دوای پیشاندانی ویندۆز و ئینجا دەبینین داوای passwordی یوزەرەکە دەکات ئێمەش پەنجە دەنێین بـە کلیکی Ctrl + Alt + Delete ویندۆیەکمان بۆ دەکرێتەوە لە دوو بۆشایی پێك هاتووە لە خانەی یەکەم دەنووسین Administrator و لە خانەی دووەمیش هیچ نانوسین و پاشان Enter دەکەین ئینجا دەچینە ناو Control Panel و پاشان دەچینە ناو user account ئینجا لـەوێـوە Remove یـان Change password دەکەین و پاشان restart بکەوە پاسۆردەکە نامینێ.


2- پـاش ئـەوەی کۆمـپـیـوتـەرەکـەمان داگیرساند پەنجە دەنێین بە دووگمەی F8 پاشان شاشەیەك دێت دەچینە سەر Safe mode و پاشان enter دەکەین دەچینە ناو ویندۆز ئینجا بەهەمان ڕێگای یەکەم دەچینە ناو Control Panel و پاشان دەچینە ناو user account ئینجا لەوێوە لـە Remove یـان Change pass- word دەکەین و پاشان restart بکەوە پاسۆوردەکە نامینێ.

**باوکی رۆیا**

# دروستکردنی DVD لە ویندۆز7





ڕێبین ئازاد
rebintiger2@ymail.com



❑ هــەروەك دەزانـیـن ویـنـدۆزی سێڤن کۆمەڵێك تایبەتمەندی باشی هەیە لێرەدا باسییەك لەو تایبەتمەندیانە دەکەین ئەویش دروست کردنی دی ڤی دی بە بێ بەکارهێنانی بەرنامە . سەرەتا کلیك لەسەر ستارت دەکەین پاشان بەرنامەکە دەکەینەوە وەك وێنەی 1.

دوای ئـەوەی بەرنامەکە کرایەوە کلیك لەسەرadd items دەکەین بۆ هێنانی فایلی ڤیدیۆ وەك وێنەی 2:

ئـەو شـوێـنـە دەکـەیـنـەوە کـە فایلە ڤیدیۆییەکانی تێدایە کلیکی لەسەر دەکەین و پاشان کلیك لەسەر add دەکەین.




دەتوانی لەیەك کاتدا چەند فایلێکی ڤیدۆیی زیادبکە یت ، دوای زیادکردن کلیك لەسەر next دەکەین ، لەلای ڕاست دەتوانین ستایلێکی جوانی بۆ هەلبژێرین ، ژمارە1: بەکاردێت بۆ تاقی کردنەوە، ژمارە2: بەکاردێت بۆ گۆرینی نووسینەکان ، ژمارە3: بەکاردێت بۆ دەسکاری کردنی شێوەکان. دوای ئەوەی کلیك لەسەر burn دەکەین بۆ سوتاندنی دیڤیدیەکە وەك وێنەی 3:





# چۆن دەتوانی پاسۆردێکی بەهێز بۆ خۆت دروستبکەی؟



وەرگێرانی: کاروان چۆمانی
Karwan.aa88@gmail.com

بەگوێرەی لێکۆلینەوەیەکی پەیمانگای زانستی جۆرجیا (www.gtri.gatech.edu)، دانانی پاسوێردی دووانزە کارێکتەر یان هەشت کارێکتەری لە بواری ئینتەرنێت لە ژێر دەستی خۆماندیە. بەگوێرەی بەیانامەکەی پەیمانگەکە لێکۆلەرەوەکانیان توانیویانە بە بەکارهێنانی کۆمەڵە کارتێکی گرافیکی پاسوێردی هەشت کارێکتەری بشکێنن لە ماوەی کەمتر لە دوو کاژمێر.

بەڵام کاتێك هەمان تاقیکردنەوەیان لە سەر پاسوێردی دووانزە کارێکتەری کردوە بۆیان دەرکەویوە پێویستیان بە 17134 ساڵ هەیە بۆ شکاندی پاسوێردێکی لەم جۆرە. جۆسۆ داڤیس یەکێ لە زانا لێکۆڵەرەوەکانی پەیمنگاکە دەڵێت "لاوازی پاسوێردەکە پەیوەستە بە درێژیەکەی". ریچارد لیۆد کەلێکۆڵەرەوەیەکی ترە لە توێژینەوەکە گوتی ناتوانرێت قسە لەسەر ئەوە بکرێت ئایە پاسوێردی دووانزە کارێکتەری دەبێتەستاندر لە داهاتوویان نا.

شارەزایان پاسوێردی دووانزە کارێکتەران لا پەسەترە لە 11 کارێکتەری چونکە دەڵێن هاکەرێکی بلیمەت لە توانای دا هەیە یەك ملیۆن پاسوێرد لێك بدات لە چرکەیەك، ئەمەش 180 ساڵ دەخایەنێت بۆ شکاندنی پاسوێردێکی 11 کارێکتەری بەڵام ئەگەر یەك کارێکتەری تر زیادبکەی ئەوا بازدانێکی گەورە لە کاتی شکاندنەکە روودەدات بەجۆرێك 17،134 ساڵ دەخایەنێت بۆ شکاندنی پاسوێردێکی دووانزە کارێکتەری. درێژی پاسوێرد بەردەوام لە زیادبوون دابووە، شارەزایانیش داوا دەکەن کە خەڵك پاسوێرد لە شێوەی رستەی تەواو بەکاربێنن. هەروەکو زانکۆی کارنیج میلۆن (Carnegie Mellon) لە سایتەکەی cs.cmu.edu شێوەی چەند رستەیەکی داوە بۆ بەکارهێنانی وەك پاسوێرد بۆنمونە "پایتەختی ئەم ولاتە هەولێرە"، یان رستەی ئاسانتر وەك "من دوو منداڵم هەیە"، " دانا و زانا ناوی منالەکانمە".

پاسوێردەکەبە هێزتر دەبێت تا درێژتر و ئاڵۆزتر بێت.

بۆنمونە ئەگەر سایتەکە رێگە بدات لە بەکارهێنای پاسوێردێك لە شێوەی هێما لە جیاتی پیت وەك"@؟!/+|=-" پێویست ئەم جۆرە پاسوێردە بەکار بێنین. ژمارەی پیتەکانی ئینگلیزی 26 پیتە لەسەر کیبۆردەکە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر سیمبول هەیە لە سەر کیبۆردەکە کە دەتوانرێت بەکار بێت وەك پاسوێرد، وەها پاسوێردێك زۆر سەختە بۆ هاکەرێك بیشکێنێ.




هەندیك سایت ریگە دەدەن کە پاسوێردی زۆر درێژ بەکاربێنین. بۆ نمونە Fidelity.com کە سایتێکی ئابووریە رێگە بە ئەندامەکانی دەدات کە پاسوێردەکانیات تاکو 32 پیت درێژ بێت. لە لایەکیترەوە سایتی (blogs.technet.com)ی مایکرۆسۆفت تایبەت بە پاسوێرد ئامۆژگاری بەکارهێنەرەکانی دەکات کە ووشەی مانادار بەکار نەهێنن چونکە ئەگەری هەیە هاکەرەکان فەرهەنگی زمان بەکاربێنن بۆ دۆزینەوەی ووشەکانی پاسوێرد.

لێکۆڵەرەوەکان کارتی گرافیکیان بەکارهێا کە زۆر هەرزانە و بەئاسانی پرۆگرام دەکرێت، بۆ لێکدانەوەی پاسوێردەکان و دەستخستنیان لەکاتی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی زۆر خێرا ئیشەکەی ئەنجامداوە. لەکاتی ئیشکردنی ئەو کارتانە هەوڵدەدەن هەموو ئەو پاسوێردانە پیشانبدەن کە ئەگەری بوونی پسوێردی مەبەستن. لەبەر ئەمە تاکو پاسوێردەکە درێژتربێت پاسوێردە خەملێنراوەکان زۆرتر دەبن.

هەندییك جار گرفت دروست دەبێت لەلەبیرهاتنەوەی بوونی پاسوێردی درێژ، بەتایبەتی لەکاتی دانانی چەند پسوێردێکی درێژ بۆ چەند سایتێکی جیاواز. هەرچەندە دەتوانین پسوێردەکانمان بپارێزین لە رێگەی سایتی (passwordsafe.sourceforge.net) بەڵام داڤیس و بیۆت پێیانوایە هاکەرەکان هێشتاش لەوانیە بتوانن پاسوێردەکانمان بشکێنن.پەیمانگای زانستی جۆرجیا رارایگەیاند لەگەڵ بەکارهێنانی پاسوێردی درێژ خێرای کارکردنی کارتە گرافیکیەکانیش لە بەرزبوونەوە دایە.

سەرچاوە cnn.com

www.c4kurd.com


# وا لەکۆمپیوتەرەکەت بکە وەکو بەئاگاهێنەرێك کاربکات




زەکەریا عەلی - مامۆستای پەیمانگای کۆمپیوتەری هەولێر
zakaria4it@yahoo.com

❑ زۆرجار بەهۆی بوونی فایلاتی زیادە لەناو کۆمپیوتەرەکەمان شوێنێکی زۆر لە بەشە هاردەکانمان بەفیڕۆ دەچێت و ئێمەش پێویست دەکات هەڵسین بە سڕینەوەیان، بۆ ئەم مەبەستە باس لە پرۆگرامێك دەکەم کەوەکو مونەبهێك کاردەکات و لەگەڵ ویندۆز دادەبەزێت و پێویست بە سێت ئەپ کردن ناکات و بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندیانەی کە تۆ بۆی دادەنێیت بۆت کاردەکات، لەوانەیە هەریەك لە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیری لەو بەرنامەیە کردبێتەوە، بەلام زۆر بە دەگمەن بەکاری دەهێنین، لەگەڵ مندابن هەنگاو بە هەنگاو گرنگی ئەم بەرنامەیە دەخەینە ڕوو. پرۆگرامەکەش بریتی لە Scheduled Tasks کە دەکەوێتە ناو کۆنترۆڵ پەناڵ.


سەرەتا پرۆگرامەکە دەکەینەوە لەناو Control Panel وەك لەم وێنەی (1) دا نیشان دراوە،




پاش کلیك کردن لەسەر ئایکۆنی Scheduled Tasks وێنەی ژمارە (2) دێت.




پاش کلیك کردن لەسەر Add Scheduled Tasks وێنەی (3) دێت




پاش کلیك دەکەین لەسەر Next وێنەی (4) دێت.





ئەوەی لەم بابەتەوە بۆم هەڵبژاردوون بریتییە لە ئیش پێ کردنی بەرنامەی Disk Cleaner

پاش دەستنیشان کردنی پرۆگرامی Disk cleanup و Next دەکەین وێنەی (5) دێت.

تێبینی: دەتوانیت زۆر کاری تریش بەم بەرنامەیە ئەنجام بدەیت بۆ نمونە ڕۆژانە یان هەفتانە کاری Backup مان بۆ بکات،تکایە تاقی بکەوە.

www.c4kurd.com




پاشان ئەوبەرنامەیەی کە دامان ناوە (Disk Cleaner) ئایا ڕۆژانە بۆت بکات یان هەفتانە یان مانگانە یان یەکجار یان لەوکاتەی کە کۆمپیوتەرت پێکرد یان لەوکاتەی کە چویتە ناو پرۆگرامەکە. پاشان کلیك دەکەین لەسەر Next و ئینجا وێنەی (6) دێت.




لەوێنەی (6) دا ئەوکاتە دیاری دەکەین کە پرۆگرامەکە ئیش بکاتو وە لە خوارەوەی ویش دەستنیشان دەکەینەوە کە ڕۆژانە لەوکاتە دا ئیش بکات یان هەفتانە لەوکاتە یان هەموو ڕۆژێك لەوکاتە ئیش بکات، وە کاتی دەدستپێکردن بەئیش کردنی ئەم بەرنامە دیاری دەکەین و ئینجا Next دەکەین و وێنەی (7) دێت.





پاشان داوای ناوی بەکارهێنەر و ووشەی نهێنی دەکات، ئینجا Next دەکەین وێنەی (8) دێت.




پاشان Finish دەکەین و ئەو پرۆگرامەی وەکو ئاگادارکەرەوە دامان ناوە بەسەرکەوتووی کاردەکات.

بڕوانە وێنەی کۆتایی وێنەی (9).




لە وێنەی (9) دا دەبینین کە ئەو پرۆگرامەی کە کردومانەتە ئاگادارکەرەوە ئامادەیە بۆ کارکردن.








# فیلم و ڤیدیۆی "3D" سێ ڕەهەندی چۆن دروست دەکرێت؟

هەردەوان نەقشبەندی ـ قوتابی ماستەر

❑ وەك ئاشكرایە ئێستا شاشەی نمایشی سێ ڕەهەندی یاخود "3D" سەرنجی زۆرترین خەڵكی بەلای خۆیدا ڕاكێشاوە و بووەتە وێردی سەرزمانی شەیدایانی تەكنەلۆژیاو داهێنانە نوێیەكانی تەلەفزیۆن و سینەما و یارییەكانی كۆمپیوتەر. ئەم تەكنیكە نوێیە ڕەهەندێكی نوێی هێناوەتە ئاراوە كە یارمەتی بینەردەدات وێنەكان بە بەرجەستەكراوی ببینێت و بچێتە ناو قوڵایی ڕوداوەكانەوە، وەك ئەوەی چاوی بینەر لەشوێنی ڕوداوەكاندا بێت هەست نەكرێت كە گرتە ڤیدیۆییەكان بەهۆی ئامێری كامێراوە تۆماركراوە.

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی كاركردنی تەكنیكی سێ ڕەهەندی سەرەتا پێویستە لە چۆنیەتی كاركردنی چاوی مرۆڤ تێبگەین بەتایبەتی پێویستە چۆنیەتی دروستكردنی ڕەهەندی سێهەم لەجیهانی دەوروبەرماندا بزانین، وەك ئەوەی دەزانن چاو لەڕوی پێكهاتەی بایلۆژییەوە بریتییە لە تۆپێك كە تیرەكەی نزیكەی 25ملم دەبێت، ئەم تۆپە بە 6ماسولكەوە بەستراوە، كە ئەو ماسولكانە ڕێگە بەو تۆپەی چاو دەدەن كە بەئاراستە جیاوازەكاندا بخولێتەوە، دوای ئەوەی تیشكە گەڕاوەكانی تەنێك یاخود لەشی مرۆڤ بەناو چاودا تێدەپەڕێت دەگاتە چینێك خانەی هەستیار كە بە "سێنسەر" ناسراوە، دەرئەنجام زنجیرەیەك "پەڵسی" كارەبایی دروست دەبێت و لەڕێی دەمارەكانەوە دەگوازرێتەوە بۆ مێشك و لەمێشكیشدا وێنەكان ڕێكدەخرێتەوە، چونكە لە مرۆڤدا مێشك بە سەنتەری شیكردنەوەی وێنەكان دادەنرێت. مرۆڤ وەك زۆربەی بوونەوەرەكانیتر دووچاوی بە تەنیشت یەكەوە هەیە، واتە بە دوو گۆشەی جیاواز تەماشای شتەكان دەكات، بۆ تێگەیشتن لەو مەبەستەش چاوی ڕاستت دابخەو بەچاوی چەپت تەماشای دیمەنێك بكەو دواتر چاوی چەپت دابخەو بەچاوەكەیتر تەماشای هەمان دیمەن بكە، لەكاتی ئەو دوو سەیركردنەدا جیاوازەیەك وا هەست دەكەیت شوێنی دیمەنەكە گۆڕاوە ئەوەش بەهۆی ئەوەوەیە كە هەر چاوێكی مرۆڤ لە گۆشەیەكی جیاوازەوە دیمەنەكان دەبینێت، دواتر وێنەی هەردوو گۆشە جیاوازەكە دەكاتە مێشك و مێشكیش زانیارییەكانی هەردووچاوەكان بەجیا وەردەگرێت و لە یەك وێنەدا كۆیان دەكاتەوە.

ئەو گۆڕانكارییە بچوكەی نێوان هەردوو وێنەكەش بە "قوڵی تەنەكان" ناودەبرێت، ئەو گۆڕانكارییە بچوكەش وێنەی سێ ڕەهەندی بەرهەم دەهێنێت. هەربۆیە لەڕێگەی ڕەهەندی سێهەمەوە لۆكەیشنی تەنەكانی دەوروبەرمان دەستنیشان دەكەین و دەزانین كە ئاخۆ ئەو تەنانە لێمان نزیك دەبنەوە یاخود لێمان دوردەكەونەوە.



لەبواری تەكنەلۆژیاشدا بۆ بەرهەمهێنانی دیمەن وڤیدیۆو فیلمی سێ ڕەهەندی كەڵك لەو تایبەتمەندیەی چاو وەرگیراوە كە بە دوو گۆشەی جیاواز دیمەنەكان دەبینێت، تەكنیكی

www.c4kurd.com

وێنەگرتنی "3D" لەیەك كاتدا پشت بە بەكارهێنانی دوو كامێرا دەبەستێت، هەردوو كامێراكە لە تەنیشت یەكەوە دادەنرێت بەجۆرێك كە وێنەی دیمەنەكە وەك چاوەكانی مرۆڤ لە دوو گۆشەی جیاوازەوە تۆمار دەكرێت، جیاكردنەوەی ئەو تیشكانەی بۆ چاوی چەپ و بۆ چاوی ڕاست دەچێت بەچەند شێوازێك ئەنجام دەدرێت. یەكێك لەو شێوازانە بە سیستمی "Real D" ناسراوە لەو سیستمەدا هاوێنەی تایبەت لەسەر ئامێری نمایشكردنی فیلمەكە دادەنرێت كە تیشكە دەرهاتووەكان دەكات بە "جەمسەر" دواتر ئاراستەی شەپۆلەكانی ڕوناكی دەگۆڕێت تاكو بە دوو گۆشەی جیاجیا بگاتە چاوی ڕاست و چاوی چەپ. ئەو تیشكەی لە ئامێری نمایشكردنەكەوە دەردەچێت دەخرێتە سەرشاشەیەكی تایبەت كە بە بۆیەیەكی زیوی ڕوپۆشكراوە لە پێناو پاراستنی جەمسەری تیشكەكان، لەبەرامبەردا بینەر چاویلكەیەكی تایبەت دەكاتە چاو كە پلەی جەمسەری نێوانیان 90پلەیە، ئەو چاولیكانە ڕۆڵی فلتەرێك دەبینن كە تەنیا ڕێگە بەو تیشكانە دەدەن كە هاوتەریبن لەگەڵ جەمسەرەكەیاندا.

شاشەی سێ ڕەهەندی هەمان دیمەن بە دوو گۆشەی جیا نمایش دەكات كە لە یەك كاتدانین، بەڵكو لەدوای یەكدان و بەخێرایی نمایش دەكرێن، بۆیە ئەو كەسەی چاویلكەی تایبەت لەچاو ناكات لەكاتی تەماشاكردنی ڤیدیۆیەكی سێ ڕەهەندی هەستدەكات وێنەكان دەلەرێتەوە. هاوكات هەر لە سیستمی "3D"دا تەنێكیتر لە ئارادایە كە پشت بە چاویلكەی "كریستاڵی شل" دەبەستێت كەبە "LCD" ناسراوە، لەم تەكنیكەدا ئامێری نمایشكردنەكە لەنیوەی كاتی تەرخانكراو بۆ پەخشكردنی دیمەنەكان، وێنەكان پەخش دەكرێنە ناو چاوی ڕاست لەدیوەكەی تریشدا وێنەكان دەنێرێتە چاوی چەپ، هاوكات تیشكی ژێرسور دەنێرێت بۆ چاویلەكەكان، كە كاتی گەیشتنی تیشكەكان ڕێكدەخات.

بەدەر لەو تاموچێژەی بینەر لەدیمەنی سێ ڕەهەندی دەیبینێت، پێویستە ئاماژە بە مەترسییەكانی ئەو تەكنیكە نوێیە بكرێت لەسەر تەندروستی مرۆڤ، لەو بارەیەوە ژمارەیەك زاناو توێژەری ئەمریكی پێیان وایە كە تەماشاكردنی دیمەن و ڤیدیۆ وفیلمی سی ڕەهەندی مرۆڤ دووچاری سەرئێشە دەكات، هۆكارەكەشی تێكچوونی هاوسەنگی ماسولكەكانی چاوە لەكاتی تەماشاكردنی دیمەن و ڤیدیۆ و فیلمی سێ ڕەهەندی. بەبڕوای ئەو توێژەرانە تەكنەلۆژیای سێ ڕەهەندی هۆكارێكیشە بۆ كزبوونی چاوی بینەرەكان و كەمبوونی ڕادەی سەرنج "تركیز"ی چاویان لەسەر دیمەنەكان.

لە ئێستادا چەن كەناڵێكی تەلەفزیۆنی پەخشی خۆیان خستۆتە سەر شێوەی "3D" و لەدوا مۆندیالیشدا هەندێك لە یارییەكانی مۆندیالی 2010 بەهەمان شێوە لەسەر شێوەی "3D" پەخشكرا، هاوكاتیش چەندین فیلم و بابەتیكی دیكە لەسەر شێوەی "3D" بەرهەمهێنراون و خواستێكی گەورە لەسەر ئەو جۆرە فیلمانە پەیدا بووە، بێگومان ئەو داهاتە گەورەیەی بەشی سێهەمی فیلمی كارتۆنی "Ice Age" و فیلمی "Avatar" دەستەبەریانكرد باشترین بەڵگەیە لەسەر خواستێكی گەورە بۆ ئەو داهێنانە نوێیە.




كۆمپانیاكانی بواری ئەلیكترۆنی و بەرهەمێنەری ئامێرە تەلەفزیۆنییەكان لە ئێستادا سەرنجی تەواویان خستوەتە سەر پێكهاتەكانی سیستمی "3D"و چەندەها كامێراو شاشەی "3D" جیاوازیان بەرهەمهێناوە هەموو ئەو بەرهەمانەش بوونەتە بەرهەمێكی پرفرۆش و سەرنج ڕاكێش لە سەرتاسەری جیهاندا.

www.c4kurd.com


# گۆڕینی ڕوکاری ویندۆز بۆ زمانی عەرەبی و تورکی لە Windows7




ئا: محەممەد مێرگەیی

muhamada4@yahoo.com


❐ بە ئاسانی دەتوانرێت ڕوکاری ویندۆز لە زمانی ئینگلیزییەوە بگۆڕدرێت بۆ زمانی عەرەبی و تورکی: سەرەتا لە لیستی Start لە خانەی گەڕان ئەمە بنووسە: Region and Language دوای ئەمە کلیك لەسەر هەڵبژاردەی Region and Language بکە بۆ کردنەوەی لیستی هەڵبژاردەکانی زمان، وەك وێنەی خوارەوە:





لەویندۆی Region and Language کلیك لەسەر تابی Keyboards and languages پاشان لەسەر Install/uninstall languages بکە، وەك وێنەی خوارەوە:




بەمەش ویندۆیەك دەكرێتەوە كە 2 هەڵبژاردەی تێدایە:
یەكەم: بۆ سێتئەپكردن و ئینستۆڵكردنی زمانێكی نوێ بۆ سیستەمەكە.
دووەم: بۆ لادانی زمانێك لە سیستەمەكە.
لێرە هەڵبژاردەی یەكەم هەڵدەبژێرین، وەك ئەم وێنەیەی خوارەوە:





پاش ئەمە و ویندۆیەکی تر دەكرێتەوە كە دیسان 2 هەڵبژاردەی تێدایە:
یەكەم: ئینستۆڵكردن و دانانی زمانی نوێ (عەرەبی و توركی و هی تر) لە ڕێگەی تازەكرنەوەكانی ویندۆزەوە (ئەم ڕێگەیە بەكاردێت لەكاتێكدا كە كۆمپیوتەرەكە بە هێڵی ئینتەرنێتەوە بەسترابێت).
دووەم: بریتییە لە دانان و ئینستۆڵكردنی زمانەكە بەهۆی فایلی زمانەكەوە كە لەناو كۆمپیوتەرەوە هەبێت.
ئێمە لێرەدا ڕێگەی یەكەم دەستنیشان دەكەین و كلیكی لەسەر دەكەین، واتە بەهۆی ئینتەرنێتەوە، وەك وێنەی خوارەوە:




بەمەش ویندۆی ئەپدەیت و تازکردنەوەکانی ویندۆز بەدیاردەکەون، کلیك لەسەر Check for updates دەکەین، دوای هەندێك چاوەڕوانی ویندۆز لیستێکی تازکردنەوەکانی لە ویندۆیەکی تردا پیشاندەدات.

پاش تەواوبوونی گەڕان بەدوای تازەکردنەوەکان، ویندۆز دوو جۆر لە ئەپدیتەکان دەخاتەڕوو:

تازەکردنەوە گرنگەکان و تازەکردنەوەی تری (ئۆپشنەڵ) واتە ئیختیاری. کلیك لەسەر تازەکردنەوە ئیختیارییەکان دەکەین Optional updates وەك وێنەی خوارەوە:





دوای ئەمە ویندۆی لیستی هەڵبژاردنە ئیختیارییەکان دەکرێتەوە، وەك وێنەی خوارەوە:





لێرە زمانی (عەرەبی و تورکی) دەستنیشان بکە، پاش کلیك کردن لەسەر ok بکە،


پاش ئەمە لیستی تازەکردنەوەکان کە هەڵتبژاردووە و بریتییە لە زمانی عەرەبی و تورکی دەکرێتەوە، کلیك لەسەر install updates بکە، وەك وێنەی خوارەوە:




دوای داونلۆدبوونی فایلەکان بە تەواوی، ویندۆز خۆی بە ئۆتۆ ئینستۆڵی دەکات لەسەر سیستەمەکەدا. دوای هەندێك چاوەڕوانی زمانەکان ئینستۆڵ دەبن ویندۆیەك دەکرێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوە لە تەواوبوونی کارەکە، وەك وێنەی خوارەوە:




لەکۆتاییدا بۆ گۆڕینی زمانی ئینگلیزی بۆ عەرەبی یا تورکی، دیسان لە ویندۆی Region and Language کلیك لەسەر تابی Keyboards and languages پاشان لەسەر Choose a display language ئەو زمانەی کە دەتەوێت دەستنیشانی بکە و کلیك لەسەر ok بکە، وەك وێنەی خوارەوە:




بەم شێوەیە دەتوانیت ڕوکاری ویندۆزەکەت بگۆڕیت بێ ئەوەی کۆمپیوتەرەکەت فۆرمات بکەیت.


سەرچاوە: www.rehlaonline.com

# لە چێشتخانەی "Inamo" بە دوگمەیەك برنج و مریشكێك داوا بكە!

❑ وەك لای هەموومان ئاشكرایە جیهانی ئەمڕۆ ڕۆژلەدوای ڕۆژ بەرەو بەدیجیتاڵبوون دەڕوات، دەبینین تەكنەلۆژیا بەسەر هەموو لایەنەكانی ژیاندا زاڵ بووە بەڕادەیەك تەكنەلۆژیا چێشتخانەكانیشی گرتۆتەوە. ئەوەتا لە لەندەن چێشتخانەیێك مێزی نانخواردنەكەی تەواو دیجیتاڵییە و هەمووی سیستمی لەمسییە. مینۆی خواردنەكان بەشێوەیەكی دیجیتاڵی دانراون، بەبێ ئەوەی هیچ خزمەتگوزارێك لەچێشتخانەكە



هەبێت و بڵێت چ خواردنێك داوا دەكەیت، بەڵكو ئەوانەی سەردانی ئەو چێشتخانەیە دەكەن لەسەر مێزەكە پەنجە لەسەر




جۆری خواردنەكە دادەگـــــرن و خـــواردنـــەكـــە بە ماوەی كەمتر لە 20خـــولـــەك دێتە بەردەمیان.

ئــــــــــــەم چێشتخانەیە كە بە ئینامۆ "Inamo" ناسراوە، جگە لەوەی گشت مێزەكان لەمسی و دیجیتاڵین. ئەوانەشی سەردانی ئەو شوێنە دەكەن بۆ ئـەوەی كە دڵنیابن خواردنەكە بە شێوەیەكی خاوێن و ڕێك ئامادە دەكرێت، دەتوانن دەست لەسەر دوگمەی "كامێرا" دابگرن و ڕاستەوخۆ بە وردی شوێنی ئامادەكردنی خواردنەكە ببینن. هەتا ئەو كاتەی خواردنەكەش ئامادە دەبێت و بۆ ئـەوەی كە بێ تاقەت نەبن دەتوانن هەر لەسەر مێزەكە یارییەكی كۆمپیوتەری بكـەن. جێگای تێڕامان لـەو چێشتخانەیە ئـەوەیـە پاش تەواوبوون لە خواردن دەكرێت دوگمەیەك لەسەر مێزەكە دابگـرن و شوێنی ڕۆیشتنت دیـاری بكـەی، پاش چەند خولەكێك تاكسی تایبەت بۆ شوێنی مەبەستت ئامادە دەبێت. ماوەتەوە بڵێین ئەمە بەراوردبكەن بە چێشتخانەكانی لای خۆمان بزانن كامیان موهیمەترە!؟.

---

# دامەزرێنەری فەیسبوك 100 ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە قوتابخانەكان



❑ مارك زوكربیرك دامەزرێنەری سایتی بەناوبانگی (فەیسبوك)، 100 ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە قوتابخانەكان. بەپێی هەردوو ڕۆژنامەی ئەمریكی (وول ستریت جورنال و نیویورك تایمز) مارك دەیەوێت لە شاری نیوارك-ی نزیك نیویۆرك دەزگایەكی تایبەت دروست بكات بۆ گرنگیدان بە چاككردنی سیستەمی خوێندن.

بەخشینی ئەو 100 ملیۆن دۆلار بۆ مارك بە بڕە پارەیەكی گەورە دادەنرێت، چونكە ئەو لە لیستی دەوڵەمەندە ئەمریكییەكان كە گۆڤاری (فۆربس)ی بڵاوی دەكاتەوە، پلەی 35ی هەیە و سـەروەت و سامانەكەی بە 6.9 ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت.

ئەم بەخشینە لەكاتێكدایە كە مارك-ی تـەمـەن 26 سـاڵ، دەیـەوێت وێنـەی خۆی لەلای ڕای گشتی چاك بكات، لەبەر ئەو دەنگۆیـانـەی كـە گـوایـە مـارك بیرۆكەی دروستكردنی تۆڕێكی كۆمەڵایەتی لەسەر ئینتەرنێت، لە قوتابیانی تر دزی بێت

www.c4kurd.com

# ئۆتۆمبێلێك بەبێ شۆفێر لە ئیتاڵیاوە بۆ چین



❑ پۆلیسی رووسی کاتێك ویستی ئۆتۆمبێلێکی جۆری فان رابگرێت، بەڵام بەلایەوە سەیر بوو کە ئۆتۆمبێلەکە رانەوەستا، کاتێکیش لە ئۆتۆمبێلەکە نزیك بوویەوە، دیتی کە شۆفێری نییە! ئەمە پرۆژەی رۆبۆتێکە لە تاقیگەی VisLabی سەر بە زانکۆی Parmas ی ئیتاڵی. دوای بێزاری کارمەندان لەکارکردن لە پرۆژەکە لەبەر درێژی ماوەی تاقیکردنەوەکان لەناو تاقیگەدا، بۆیە ئیتر رۆبۆتەکەیان ناردە جیهانی دەرەوە تاکو رۆبۆتەکە کاریگەری هۆکارە سروشتییە دەرەکییەکان ببینێت، چونکە جیاوازی هەیە لەگەڵ ناو تاقیگەدا.

ئەم ئۆتۆمبێلە لەرووی تەکنەلۆژییەوە کۆمەڵێك هەستیارگەل و ئامێری کۆمپیوتەر لەخۆی دەگرێت و لە هاتوچودا پشت بە نەخشەکان دەبەستێت بەبەکارهێنانی GPS

# شاحینەیەکی نۆکیا توانای شەحنکردنی (5) مۆبایلی هەیە لەهەمان کاتدا



❑ کۆمپانیای نۆکیا راگەیاند کە شاحینەیەکی بەناوی (DT-600) بەرهەمهێناوە کە توانای شەحن کردنی (5) مۆبایلی هەیە لەیەك کاتدا، وەکو لە وێنەکەدا دیارە پێنج کێبڵ لە شاحینەکە دەردەچێت واتا دەتوانرێت (5) ئامێر لەیەك کاتدا بارگاوی بکەیتەوە وەکو مۆبایل، کامێرای دیجیتاڵ، MP3 پلەیەر و .. هتد. شاحینەکە (7) کێبڵی لەگەڵدایە کە ئەوانیش ئەمانەن:
USB بۆ مایکرۆ USB، USB بۆ مینی USB، USB بۆ مۆتۆرێلا، USB بۆ LG، USB بۆ سۆنی ئێریکسۆن، USB بۆ سامسۆنگ1 و USB بۆ سامسۆنگ2.


ریکلامێک لە سی فۆر کورد تەنها 25 هەزارە


به تەنها 25 هەزار دینار

2000 لاپەڕەی رەنگاورەگ چاپ بکە

بیگەینە 2 هەزار ماڵ لە کوردستان

07504664288
07706449565

پەلە بکەو پەیوەندی بکە




# زنجیرەی فێربوونی مایکرۆسۆفت پاوەرپۆینت ٢٠٠٧

مامۆستا کاروان ڕەشید محمد
karwan.computer@yahoo.com


- زنجیرەی چوارەم -

❒ لە زنجیرەی پێشودا باسمان لە چۆنیەتی دانانی جوڵەی نوسین و وێنەکان کرد لەگەڵ جوڵەی سلایدەکاندا، لەم زنجیرەشدا باس لە کۆمەڵێك کرداری گرنگ دەکەین.

❊ Header and footer : ئەگەر بمانەوێت نوسینێك یان وێنەیەك یان ڕێکەوت یان ژمارەی سلایدەکان و کات دابنێین لەناو سلایدەکاندا و بەبەردەوامی و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك لەهەموو سلایدەکاندا دووبارە ببێتەوە پێویستە (header and footer) بەکاربهێنین. سەرەتا دەچینە سەر لیستی Insert > Header and Footer پاشان بۆسێکمان بۆ دەکرێتەوە وەك وێنەی (1)




لە دووبەش پێکهاتووە لە بەشی (Slide)دا کارەکانمان ئەنجام دەدەین، پاشان بەشی Date and time دیاری دەکەین چەند بەشێکمان بۆ دەکرێتەوە لەبەشی خوارەوە، لەژێر بەشی (Update automatically)دا کۆمەڵێکی زۆر شێوازی کات و ڕێکەوتمان هەیە ئەو شێوازەی کە مەبەستمانە دیاری دەکەین، و لەبەشی (language)دا دەتوانین عەرەبی عێراق یان USA هەڵبژێرین، ئەگەر عێراقەکە هەڵبژێرین ئەوا ڕێکەوت و کاتەکە دەبێتە عەرەبی و لەگەڵ عێراقەکەدا دەتوانین شێوازی کۆچی و زاینی دیاری بکەین، و ئەگەر بیکەینە English ئەوا ڕێکەوت و کاتەکە دەبێتە ئینگلیزی.
ئەگەر بەشی (Slide number) چالاك بکەین واتە سەحی لێبدەین ئەوا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك ژمارە بۆ پەڕەکان دادەنێت لەبەشی خوارەوە، ئەگەر نەشمان ویست ئەوا سەحەکە لادەبەین، و ئەگەر بمانەوێت لەبەشی خوارەوەی پەڕەکەدا نوسینێك بنوسین ئەوا لەژێر بەشی (Footer) دا نوسینێك دەنوسین، بۆنمونە دەنوسین (PowerPoint 2007)، ئەگەر بمانەوێت تەنها لەیەك سلایدا ئەم کارانەی ئەنجامماندا ئەوا کلیك لەسەر (Apply) دەکەین و ئەگەر بمانەوێت لەسەرجەم سلایدەکاندا دووبارەببێتەوە ئەوا کلیك لەسەر (Apply to All) دەکەین وەك وێنەی (2)




❊ Word Art: لەم بەشەدا دەتوانین نوسین بەشێوەی هونەری کە شێوازی زۆر جوانی تیادایە بەکاری بهێنین لەناو بەرنامەکەدا.
سەرتا دەچینە سەر لیستی Insert>Word Art لێرەدا کۆمەڵێك شێوازی جوان هەیە وەك وێنەی (3)




هەرکامیان هەڵبژێرین ئەوا بۆکسێکی نوێمان ئەداتێ بەم شێوەیە




www.c4kurd.com

دەتوانین ئەو نوسینەی کە لەناویدایە بیسڕیتەوە و نوسینی مەبەست دابنێین و دەتوانین نوسینەکان سەرەو خوار





لێ بکەین و نوسینەکە گەورە و بچوک بکەین لەم لاو لای نوسینەکەوە، پاشان دەتوانین بۆ ناونیشانی بەشەکان یان شوێنی تایبەت دابنێین و جوڵەی لێ بدەین وەک لە وانەی پێشودا باسمان لێوەکرد.

※ Movie : ئەگەر بمانەوێت پارچە ڤیدیۆییەک یان هەر بەشێک کە ڤیدیۆیی بێت دەتوانین بیهێنینە ناو بەنامەکەوە و لەناو بەرنامەکە دا کاربکات، سەرەتا دەچینە لیستی Insert > Movie پاشان دەتوانین ڤیدیۆی (جوڵاو) بهێنینە ناو بەرنامەکە وەک وێنەی (4)




دەتوانین لە ڕێگەی (Look in)وە ئەو شوێنە دیاری بکەین کە پارچە ڤیدیۆکەمان تیادا داناوە دیاری بکەین، پاش دیاریکردنی پارچە ڤیدیۆییەکە کلیک لەسەر (OK) دەکەین پاشان پارچە ڤیدیۆکە دێتە ناو سلایدەکەوە و دەتوانین شوێنەکەی بچوک و گەورە بکەین، پاشان کلیک لەسەر (F5)ی کیبۆردەکە دەکەین یان کلیک لەسەر (Slide show) دەکەین کە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی بەرنامەکە لە دەستەڕاستدا وەک پەرداخێک وایە شێوەکەی (دوای ئەنجامدانی هەرکارێک دەبێت ئەم کردارەبکەین تا ئەنجامەکەی ببینین)


※ Sound : لەم بەشەدا ئەگەر بمانەوێت دەنگ بهێنینە ناو بەرنامەکەمانەوە یان ئەو نوسینەی کە لەناو سلایدەکەدا هەیە بمانەوێت دەنگیشی لەگەڵدا بێت دوای تۆمارکردنی دەنگەکە دەتواتنین لەگەڵیدا دایبنێین، وەیان ئەگەر بمانەوێت ئەو سلایدانەی کاری لەسەر دەکەین گۆرانی یان مۆسیقایەکی لەسەر دابنێت دەتوانین لەڕێگەی ئەم بەشەوە دەتوانین ئەنجامی بدەین، پاش کلیک کردن لەسەر (Sound) بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە وەک لە وێنەی (5) دا روون بوەتەوە:




پاشان لە (Look in) دا ئەو شوێنە دیاری دەکەین کە دەمانەوێت (گۆرانی ، مۆسیقا، دەنگ) ەکە هەڵبژێرین، پاشان دیاری دەکەین و کلیک لەسەر (OK) دەکەین.

※ Action : لەم بەشەدا دەتوانین کۆمەڵێک کرداری گرنگ ئەنجام بدەین، لە جێبەجێکردنی کارەکانمان لەناو پاوەرپۆینتدا سوودی لێوەردەگرین،بەکلیک کردن لەسەر ئەم بەشە لە لیستی Insert > Action دا بۆکسێکمان بۆ دەکرێتەوە لە دووبەش پێکهاتووە وەک (Mouse Click، Mouse Over)


※ Mouse Click : لەم بەشەدا چەن کردارێک هەیە وەک (Hyperlink) لەم بەشەدا چەند کردارێك هەیە دەتوانین کردارەکانی پێشخست و پاش خستن و سەرەتا




www.c4kurd.com

و كۆتای و چەند كردارێكی تر ئەنجام بدەین وەك وێنەی (6)

لە (Run Program) دا دەتوان هەر بەرنامەیەك دابنێین كە پێویستمان پێیەتی لەناو پاوەرپۆینتدا كاری پێبكەین ، بە چالاك كردنی ئەم بەشە بۆ كسێكمان بۆ دەكرێتەوە دەتوانین ئەو بەرنامە دیاری بكەین بەلاَم دەبێت شوێنێك دیاری بكەین بۆ ئەوەی ئەم كارەی لەسەر ئەنجام بدەین، بۆ نمونە لەناو پاوەرپۆینتدا دەنوسم نیرۆ (Nero) ە بەرنامەی كۆپی كردنە پاشان دەچمە Insert > Action لەوێدا لەبەشی (Run Program) دا بەرنامەی نیرۆ هەڵدەبژێرم و لاَشان (OK) دەكەم، كاتێك سلاَیدەكە سلاَید شۆ دەكەم لە ڕێگەی دوگمەی (F5) وە بەكلیك كردن لەسەر ووشەی نیرۆ ڕاستەوخۆ بەرنامەكە دەكرێتەوە(دەتوانین لەجیاتی ناوەكە ئایكۆنی بەرنامەكە دابنێین، وە دەتوانیت لەجیاتی ئەوە هەر بەرنامەیەك كە مەبەستە بەكاری بهێنیت) وەك وێنەی (7)




ئەگەر بمانەوێت دەنگێك بۆ ئەو بەشانە دابنێین كە ئەنجامی دەدەین دەتوانین لەبەشی خوارەوەدا (Play Sound) چالاك بكەین و ئەو دەنگەی كە مەبەستمانە دیاری بكەین لەكاتی كاركردندا كاتێك كلیك لەسەر ئەو بەشە دەكەین ئەو دەنگە دەرئەكات كە هەڵمان بژاردووە.

* Mouse Over : كردارەكانی ئەم بەشە وەك (Mouse Click) وایە بەلاَم جیاوازیەكیان لەوەدایە لە (Mouse Click) دا دەبێت كلیك بكەین لەسەر ئەوبەشەی كە ئەمانەوێت ئینجا كردارەكە ئەنجام ئەدات بەلاَم لە (Mouse Over) دا تەنها ماوسەكە ببەیتە سەر ئەوبەشەی كە مەبەستە كارەكە ئەنجام دەدات.

## ئاگادارییەك بۆ نووسەرە بەڕێزەكانی

## سی فۆر كورد

ئاگاداری هەموو ئەو نووسەرە بەڕێزانە دەكەینەوە كە بابەت بۆ (سی فۆر كورد) دەنووسن لەكاتی نووسینەكانیاندا ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بكەن تاكو بابەتەكانیان بلاَوبكرێتەوە:

1- تا بكرێت بابەتەكان بە (یونیكۆد) بنووسرێت.

2- ئەگەر پێتان باش بێت وێنەیەكی كەسی لەگەڵدابێت.

3- ئەگەر بكرێت ئیمەیل و ژمارەی مۆبایلی لەگەڵ دابێت بۆ پەیوەندی كردن لەكاتی پێویستدا و دابەزاندنی ئیمەیڵەكە لەگەڵ بابەتەكە.

4- هەوڵ بدرێت هەڵەی زمانەوانی كەم بكرێتەوە.

5- ڕەچاوی بنەماكانی ڕێزمان و خاڵبەندی بكرێت.

6- با بابەتەكان وێنەی ڕوون كردنەوەی لەگەڵ دابێت هەروەها وێنەكان لە نێو فایلە وۆردەكەدا دانرابێت و بە جیاش لە فۆڵدەرێك بێت.

7- تا بكرێت بابەتەكان سەرچاوەیان لەگەڵدا بێت.

8- بابەتەكان لە شوێنێ تر بلاَونەكرابنەوە یاخود لە سایتی كوردی نەهێنرابێت.

9- بەرامبەر هەر بابەتێك بەخششێكی ڕەمزی لە لایەن گۆڤاری سی فۆر كوردەوە وەردەگیرێت.

10- بۆ ئەوەی بتوانین پاداشتی بابەتەكان بە ڕێكو پێكی بگەیننە دەستتان، تكایە ژمارەی مۆبایل و شوێنی نیشتەجێ بوون بنووسن.

11- دەتوانن بابەتەكانتان لە بارەی كۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و بەرنامەو مۆبایل و هەموو بوارەكانی تری تەكنەلۆژیای زانیاری بێت.

12- ئەو بابەتانەی باسی بەرنامە دەكات با لینكی بەرنامەكەی لەگەڵدا بێت یان ناوی تەواوی بەرنامە تاكو لە نێو سیدی تایبەت بە گۆڤار دابنرێت.

13- بابەتەكان تا بەرواری 20 مانگ بگات بەدەستمان.

14- بابەتەكان لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە ڕەوانە بكەن:

np@c4kurd.com

www.c4kurd.com



# بە 3 هەنگاو مۆبایلەکەت تازەبکەرەوە

سەروەر شوان

Sarwarmobile@gmail.com

(Update) واتە تازەگەری یان نوێ بوونەوە، ئەم کارەش تەنها لەوکاتەدا دەکرێت کە هێڵی ئینتەرنێتمان هەبێت.

هەموومان گوێمان لە (Update) کردنەوەی کۆمپیوتەر و بەرنامەکانی بووە، بەڵام (Update) کردنەوەی مۆبایل تارادەیەك شتێکی نوێیە، ئەگەر هەندێکیشمان بیزانین بەدڵنیاییەوە هەمووومان نایزانین، بۆ (Update)کردنەوەی مۆبایلی نۆکیای نەوەی پێنجەم پێویستە ئەم هەنگاوانە جێبەجێ بکەین:

1.لەسەر مۆبایلەکەمان ئەم کۆدە لێدەدەین #0000#* دواتر ئەم رووکارەمان بۆدەکرێتەوە کەتێیدا چەندین تایبەتمەندی مۆبایلەکەمان نیشاندەدات،




(نسخة البرنامج) واتە بەشێك نیە لەهەنگاوەکانی (Update) کردن.

(نسخة البرنامج) واتە ڤێرژنی بەرنامە کە لێرەدا ڤێرژنەکەی بریتیە لە (V50.0.005) دوای تەواوبوونی هەنگاوەکانی (Update) کردنەوە جارێکی تر سەیری بکەو دەبینی کە گۆڕاوەو ڤێرژنەکەی زیادی کردووە.




2.دواتر (الخیارات) دادەگرین و ئەم رووکارەمان بۆدەکرێتەوە و تۆش بەشی (البحث عن تحدیثات) هەڵبژێرە.

دوای ئەوە کرداره رەکارێکی تری نوێت بۆ دەردەکەوێن کە تێیدا پرسیارت لێدەکات و وەڵامی بەڵێ یان نەخێری دەوێت. تۆ (نعم) هەڵبژێرە وەکو لە وێنەکەدا دیارە.




3. دواتر ئەم رووکارانەمان بۆدەکرێتەوەو چاوەڕێ دەکەین تا ماوەیەکی زۆر بەپێی مۆدێلی مۆبایلەکە، کەلەوانەیە سەعاتێك زیاتر بخایەنێت.

دواتر بەشێوەیەکی خۆکار(ئۆتۆماتیکی) مۆبایلەکەمان Restart دەبێت و کارەکەمان تەواو جێبەجێ دەبێت.




liper®
Established in Germany in 1912...
کۆمپانیای کاسیا
بۆ بازرگانی گشتی کارەباییات لەرۆژهەلاتی ناوەراست
سلێمانی(ئۆفیسی سەرەکی) 3125656
بەغدا 018187100
هەولێر 0662623275
کەرکوک 07481107975
موسڵ 0784810452
دهۆک 0627222194
نەجەف 033371260
کەربەلا 07808736750
حلله 0781338892
تکریت 021822060
صین: +8657985658182
تورکیا: +902125171744
ئیمارات: +97142356507
ئەردەن: +962788453740
جیهان رۆشنتر دەکەینەوە...



# بەرنامەیەك بۆ ژێر نووسكردنی فایلی ڤیدیۆیی


## Subtitle Workshop




بۆتان محمد أحمد
botaneomed@yahoo.com

له ڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانیت ژێرنووسی فایله ڤیدیۆیەكانت بكەیت بۆ ئەوەی ڤیدیۆیەك ژێرنووس بكەین دەچینە سەر (MOVIE) پاشان دەچینە سەر ئۆپن، فایله ڤیدیۆیەكە دەكەینەوە پاشان دەچینە سەر لیستی (FILE) و كلیك لەسەر (NEW SUBTITLE) دەكەین پاشان له بۆشاییەكەی خوارەوەیا كە دروست بوو سەلێكتی دەكەین و پاشان له بەشی (TEXT)دا ئەو ژێر نووسەی لەگەڵ فایله ڤیدیۆكەدا دەگونجێت دەینوسین و پاشان له بەشی شۆو ئەو كاتە دەنوسین كە پێویستە ژێرنوسەكەی تیادا دەركەوێت و له بەشی هایدا ئەو كاتە دەنووسین كە دەبێت ژێرنوسەكەی تیادا دیار نەمێنێ له بەشی دیورەیشن پێویست ناكات هیچ كاتێك بنووسین چونكە كەله شۆو هایدا كاتەكەمان نووسی له بەشی دیورەیشن خۆی دەینوسێت و ئەگەر هاتوو ژێرنوسەكەمان بە كوردی بێت ئەوا بەلاتینی دەینووسێت بۆیە پێویستە بچینە سەر(SITTINGS) و جارێكی تر دەچینە سەر بەشی سیتینگس و كلیك لەسەر (SUBTITLES) دەكەین و دەچینە سەر بەشی فۆنت و فۆنتێكی كوردی هەڵدەبژێرین وەدەتوانین ڕەنگێك بۆ ژێرنوسەكەمان هەڵبژێرین پاشان (OK) دەكەین


بۆ سەیڤكردنیشی دەچینە سەر (FILE) و كلیك لەسەر




سەیڤ دەكەین ویندۆیەكمان بۆ دەكرێتەوە كلیك لەسەر (ALL FORMATS) دەكەین پاشان كلیك لەسەر كەستم فۆرمات دەكەین ویندۆیەكی ترمان بۆ دەكرێتەوە له نەیما ناوێكی بۆ



دیاری دەكەین و له ئێكستێنشنا پاشگرێكی بۆ زیادەكەین و كلیك لەسەر (SAVE PROJECT) دەكەین بۆ ئەوەی شوێنێكی بۆ دیاری بكەین و كە شوێنەكەمان بۆ دیاری كرد



كلیكی سەیڤ دەكەین و پاشان سەیڤێكی تر دەكەین.



تێبینی: پرۆگرامەكە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری (Subtitle) هەیە.



# چۆنیەتی قوفڵدانی فۆڵدەر لە ویندۆز (ئێکس پی)

ئاراس حەیدەر محمود
Aras.haydar@gmail.com

بێگومان ئەوانەی خاوەن کۆمپیوتەرن، فۆڵدەرێکی تایبەت بەکەسایەتی خۆیان هەیە کە پڕیەتی لە بابەتی هۆنراوە و پەخشان و ڤیدیۆ و وێنە ...هتد، کە حەز ناکەن جگە لە خۆیان کەسیتر بیخوێنێتەوە، بۆیە دەیانەوێت بە شاراوەیی بمێنێتەوە، لێرەوە بۆ شاردنەوە و کارنەکردن و قوفڵدانی ئەم فۆڵدەرانە بە پاسۆرد. بۆ ئەم مەبەستە بەرنامەی (Hide folders Xp 1.2) یارمەتیدەرێك دەبێت بۆ ئەو کارە.

سەرەتا بەرنامەکە سێت ئاپ دەکەین، دوای ئەوەی سێت ئەپەکە تەواو دەبێت بەرنامەکە داوات لێ دەکات کە کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکەیتەوە. تۆش کۆمپیوتەرەکەت ریستارت بکەرەوە.

دوای ریستارت، پێش بوونەوەی بەرنامەکە ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کە تیایدا، ئاگادارمان دەکاتەوە کە بەرنامەکە بۆ ماوەی (30)رۆژ کاردەکات، بڕوانە وێنەی ژمارە (1) .




ئێمە دەتوانین بۆ ماوەی 30 رۆژ بە خۆڕایی بەکاری بهێنین.

دوای ئەوە بەرنامەکە دەکرێتەوە. بۆ دانانی پاسۆرد بۆ ئەو فۆڵدەرەی مەبەستمانە لە لیستی (Tools) ئەم بەشە هەڵدەبژێرین (change password)، ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کە تیایدا دووجار هەمان پاسۆردی نهێنی خۆمان تیایدا دەنووسین بێ هەڵە، لەدوایی (ok) دەکەین، پاشان ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کە رایدەگەیێنێت پاسۆردەکەمان بێ هەڵە و بەسەرکەوتوویی نووسیوە، هەروەها لەو ویندۆیەکەش (ok) دەکەین. ئەم کارە پێویستە یەکەمجار بکەیت و ئەوکات کارەکانی ترمان دەست پێ دەکات.




بۆ هێنانی فۆڵدەرێك کە بمانەوێت قوفڵی بدەین نەیەڵین جگە لە خۆمان کەسی تر بیکاتەوە، لەسەر رووکاری بەرنامەکە کلیك لە (Add any folder) دەکەین، دوایی شوێن و ناوی فۆڵدەرەکە دەست نیشان دەکەین، لەدوایی (ok) دەکەین، وەکو لەم وێنەیەی خوارەوە بە روونی دیارەو ئەو فۆڵدەرەشمان





دەستنیشان کردووە.

بۆ قوفڵدان و کردنەوەی فۆڵدەرەکە، لەسەر رووکاری بەرنامەکە دەچینە سەر ئایکۆنێ کە شێوەکەی وەکو چاوە کە ناوی (Hide\Unhide) لەسەر وێنەی ژمارە (5) شێوەی (أ) فۆڵدەرەکە کراوەیە،و شێوەی (ب) فۆڵدەرەکە بزرە




(قوفڵدراوە)، بڕوانە وێنەی سەرەوە هەر دووبەشەکان دوو کردارەکە روون دەکاتەوە.

ئەگەر هاتوو بمانەوێت فۆڵدەرەکە لە قوفڵدانی لای بەرین، ئەوا فۆڵدەرەکە لە ڕووکاری بەرنامەکە لە ڕێگای ئایکۆنی (Remove) یان لەڕێگای کیبۆرد بەهۆی دوگمەی




(Delete) دابگرە، لەدوای بەکارهێنانی یەکێك لەم ڕێگایانە ویندۆیەکمان بۆ دەبێتەوە کە داوای دڵنیایمان لێدەکات، بۆیە (ok) دەکەین لەکاتی دڵنیابوونمان، و ئەگەر پەشیمان بووینەوە ئەوا (Cancel) دەکەین، وەکو وێنەکەی ئەو بەر روونکراوەتەوە.

تێبینی :

أ-لەدوای قوفڵدانی فۆڵدەر لەکاتی کردنەوەی بەرنامەکە بۆ بینینی فۆڵدەرەکە، بەرنامەکە پێش بوونەوەی داوای پاسۆرد دەکات .


ب-فۆڵدەرە سەرەکیەکان وەکو (My documents) دادەخسترێ واتە شێوەی فۆڵدەرەکە دیارە بەڵام ناکرێتەوە، و ویندۆیەکی ئاگەدارکەرەوە دەدات وەکو وێنەی خوارەوە دیارە:




تێبینی: پرۆگرامەکە لەناو سیدی تایبەت بەگۆڤار لەناو فۆڵدەری ( HideFolder ) هەیە.



# بەرنامەسازی بەزمانی جاڤا





هێمن مەلا کەریم بەرزنجی - پسپۆڕی SE و IT (چاپتەری دووهەم – بەشی دووەم)
hemn82.blogspot.com

## هەمیشە گۆڕاوەکان و جۆرەکانیان
## Types and Variables

لە جاڤادا، هەرنرخێك Value جۆرێکی Type هەیە، وەکو ('Hello World"، 'h'، 's"،10،500،55000)

بۆنمونە "Hello World" لە جۆری سترینگە String، کە کۆمەڵێك پیت، یان پیت و هێما، یان پیت و هێماو ژمارەیە پێکەوەو، لەنێوان دووانە کۆمای سەرەوەدا Double Quotation دەنووسرێت، و وەکو خۆی چاپدەکرێت. تەنی(ئۆبجێکتی) system.out لە جۆری چاپکردنە print stream، و ژمارە 10 جۆرێکی هەیە کە ژمارەی تەواوە،واتە int (کە کورتکراوەی وشەی ژمارەی تەواوە integer)، ئەم جۆرانە پێمان دەڵێن کە دەتوانین چی بکەین لەگەڵ نرخەکانیاندا؟ دەتوانین کردارەکانی کۆکردنەوە، یان لێدەرکردن،یان لێکدان، یان دابەشکردن، یان چاپکردنی نووسین، یان لەبەرگرتنەوە و ... ئەنجام بدەین. کە بۆ سەیڤکردنی نرخەکانیان و ئەنجامدانی کردارەکان بەسەریاندا، پێویستمان بە هەمیشە گۆڕاوەکانە Variables، کەواتە پێویستە بزانین هەمیشە گۆڕاوەکان چین؟

هەمیشە گۆڕاو Variable: شوێنی هەڵگرتن و پاراستن و شاراکردنی Storage زانیارییە لە میمۆری کۆمپیوتەردا، کە جۆێکی دیاری کراوی هەیە و هەروەها ناو و پێکهاتەو نرخیشی هەیە. بڕوانە نمونەکان:

```
String greeting="Hello!، Welcome to Java";
int firstNumber=25;
```

یەکەم: هەمیشە گۆڕاو Variable پێی دەڵێن: greeting، واتە ناوەکەی greeting، کە نرخی سترینگەکەمان تێدا شارا Storage کردووە، واتە سەیڤمان کردووە، پاراستوومانە، کەکۆمەڵە نرخێکە و Hello!، Welcome to Java دەگرێتەوە.

دووەم: هەمیشە گۆڕاویشمان بەکارهێناوە بۆ تیادانانی نرخی ژمارەیەکی تەواو کەژمارە بیست و پێنجە.

بەشێوەیەکی گشتی ڕستەسازی هەمیشە گۆڕاوەکان بەم جۆرە دەبێت:

ڕستەسازی: پێناسەی هەمیشە گۆڕاو Syntax: Variable Definition

```
typeName   variableName=value;
```

یان

```
typeName   variableName;
```

نمونە:

```
int firstNumber=500;
```

## یاسا و نەریتەکانی ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان

ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان بە پێی هەندێك یاسا و نەریت دەبێت،کە کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ ناونانی پۆلدا، بەتایبەت لە نەریتەکاندا، بەڵام لە یاساکاندا جیاوازییان نییە، بەم شێوەیە:

یەکەم: یاساکان:

1.پێویستە بە پیت Letter دەست پێبکات، وەکو: firstNumber.

2.بە داشی ژێرەوە Underscore دەست پێبکات، وەکو: _firstNumber

3.بەهێمای دۆلار دەستپێبکات، وەکو: $FirstNumber

4.پێویستە بۆشایی Space لە نێوان ناوەکەدا نەبێت، ئەگەر ناوەکە لە(چەند وشەیەك) یان (هێمای $ یان _ و وشەیەك) پێکهاتبوو، وەکو:firstNumber . بەڵام ئەم شێوەیە first Number هەڵەیە، چونکە بۆشایی لە نێوان وشەکانی first و Number داهاوە.

5-دەکرێت ناوەکە لە چەندین وشە پێکهاتبێت.چونکە درێژی و ژمارەی پیتەکانی ناوەکە دیاری نەکراوە.

6-نابێت وشە کلیلەکانی جاڤا Java Key Word بەکاربهێنین.

7-ناتوانین هێماکانی تری وەکو ؟ یان ! یان * یان % بەکاربهێنین، چونکە هەڵەدەبێت،وەکو first! کە هەڵەیە،یان One*،بەو شێوەیە.

8-نابێت ناوەکە بە ژمارە Digit دەستپێبکات. وەکو:10firstNumber. چونکە هەڵەدەبێت و قبووڵناکرێت.

نمونەی ڕاست و گونجاو بۆ ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان :

www.c4kurd.com

firstNumber، _firstNumber، $FirstNumber، number10

نمونەی هەڵە و نەگونجاو بۆ ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان :

* first Number، 10number، void، One

ئێستا ئەو پرسیارە لە خۆت بکە، کە بۆچی ئەو ناوانەی سەرەوە هەڵەن؟، کەچی ناوەکانی پێشتر ڕاستن و هەڵەنین. کەواتە بەپێی خاڵەکانی یاساکانی ناوی هەمیشە گۆڕاوەکان لێکیان بدەرەوە، تاباشتر لە یاسا و مەرجەکانی ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان تێبگەیت.

دووەم: نەریتەکان Conventions :

1. کاتێك ناوێك دادەنێین بۆ هەمیشە گۆڕاوێك واباشترە وشەیەك یان چەند وشەیەکی تەواو بەکاربهێنین، وەکو firstNumber، نەك کورتکراوە بەکاربهێنین وەکو fn.

2. ئەگەرناوی هەمیشە گۆڕاوەکە لەیەك وشە پێکهاتبوو واباشترە هەموو پیتەکانی بچووك بێت Small Letter وەکو int age;

3. ئەگەر ناوی هەمیشە گۆڕاوەکە لە وشەیەك زیاتر بوو،ئەوا واباشترە یەکەم پیتی دووەم وشە و سێهەم وشە و... بەپێتی گەورە Capital Letter بنووسرێت، وەکو normalPhoneNumber.

4. ئەگەر هەمیشە گۆڕاوەکە بۆ ئەوەبوو کەنرخێکی نەگۆڕ Constant ی تیادابنێین،ئەوا هەموو پیتەکانی ناوەکەی بەپێتی گەورە دەنووسین و، ئەگەر لە وشەیەکیش زیاتر بوو ئەوا بە داشی ژێرەوە Underscore لەیەکتریان جیادەکەینەوە، وەکو:

static final int FIRSR_NUMBER=10;

5. واباشترە ناو بەکاربهێنین بۆ ناونانی هەمیشە گۆڕاوەکان، نەك کار (فرمان).

```
class Test
{
public static void main (String args [])
{
String greeting=("Welcome");
int firstNumber=25;
System.out.println(greeting);
System.out.println(firstNumber);
}
}
```

دووای ئەوەی زانیمان هەمیشە گۆڕاوەکان چین و چۆن ناودەنرێن بۆ بەرکارهێنان و نووسینیان پێویستە لە دوو خاڵی زۆر گرنگ و سەرەکی دڵنیابین:

1.چی جۆرێك بەکاربهێنین بۆ هەمیشە گۆڕاوەکە.

2.چی ناوێك بەکاربهێنین بۆ هەمیشە گۆاوەکە.

هەڵبژاردن و دیاری کردنی جۆری هەمیشە گۆڕاوەکە بە پێی ئەو بەرنامەیە دەبێت،کە ئەندازیارانی بەرنامەسازی بڕیارە بینووسن، بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت سترینگێك بەکاربهێنین، ئەوا پێویستە بۆ سەیڤکردنی سترینگەکە هەمیشە گۆڕاوی جۆری سترینگ String بەکاربهێنین،بۆنمونە:

String greeting="Welcome to Java Programming"

بەڵام ئەگەر بۆ ژمارەیەکی تەواوی وەکو ژمارە 13سترینگ بەکاربهێنین ئەوا دەبێتە هەڵە:

String greeting=13; //ERROR

کەواتە ناتوانین هەمیشە گۆڕاوی سترینگ بەکاربهێنین بۆ سەیڤکردن و هەڵگرتن و پاراستنی ژمارەی تەواو In-teger. چونکە وەرگێڕ Compiler هەڵدەستێت بە پشکنین و، بەراوردکردنی جۆرەکانی هەمیشە گۆڕاوەکان.بێگومان بەزانینی جۆرەکانی داتا Data Type و جۆرەکانی هەمیشە گۆڕاوەکان زیاتر و باشتر بەکارهێنانی هەمیشە گۆڕاوەکانت بۆ ڕوون دەبێتەوە.







# ئاریەڵە وایەرلێسەکان



ئامادەکردنی : پێشەوا حیدر عبدالله/ هەڵەبجەی شەهید زنجیرەی یەکەم pe6awah@yahoo.com

هەر وەك روون و ئاشكرایە، دنیای ئەمڕۆ پەیوەست بوونێكی بێسنوری لەگەڵ دنیای تەكنەلۆژیادا هەیە و هێڵی ئینتەرنێتیش یەكێكە لە سەرەكیترین پێویستیەكانی مروڤی ئەم سەردەمە و هەریەك لە ئیمە رۆژانە چەندین كاتژمێری خۆمان لەگەڵ جیهانی ئینتەرنێت ژیان بەرسەر دەبەین و بۆ پەیوەست بوون، لە چەند رێگایەكەوە دەتوانین ئامێرەكانی خۆمان ببەستینەوە بەم هێڵەوە و یەكێك لەو رێگایانە (ئاریەڵە-Antenna) و رۆژانە لە رێگای ئەم ئامێرەوە هەر یەك دەگەین بە هێڵی ئینتەرنێت، بۆ ئەوەی زیاتر شارەزابن لە جۆرەكانی ئاریەڵەكان . بە چ شێوازێك كار دەكەن و توانایان تا چ ئاستێكە.

## كورتە باسێك لەبارەی ئاریەڵە ئیستانداردەكان

ئاریەڵەكان لە دوو بەشی سەرەكی پێك دێن:

1- ئەو ئاریەڵانەی كە لە ناوەوەی ماڵدا دادەمەزرێن (Indoor)

2- ئەو ئاریەڵانەی كە لە دەرەوەی ماڵدا دادەمەزرێن (out door)

* ئەو ئاریەڵانەی لە دەرەوەی ماڵدا دادەمەزرێن بە گشتی بە شێوازێك دروست كراون كە توانای بەرگری كردنیان زۆر زیاتر بێت لە ئەو ئاریەڵانەی لە ناوەوەی ماڵدا دادامەزرێن و كاریان پێدەكریت و بە شێوەیەكن كە لە بەرامبەر (سەرما . گەرما . رەشەبا . بەفر . باران) توانای بەرگریان هەیە و كاری خۆیان ئەنجام دەدەن و بە پێچەوانەوە ئەو ئاریەڵانەی لە نـاوەوەی ماڵدا دادەمـەزرێن كە بە شێوەیەكی جوان و رازاوە دروست كراون و هەر ئەمەش وادەكات دیكۆری ماڵ تێك نەدەن و جوانی ناوماڵ بپارێزن و بە گشتی ناتوانین ئەو ئاریەڵانەی لە نـاوەوەی ماڵدا دادەمـەزرێن لە دەرەی ماڵدا كاریان پێبكەین و دەبێت لە جێگایەكی تایبەتی لە نێو ماڵدا دابمەزرێن و كاریان پێبكرێت.

ـ ئاریەڵەكان بە گشتی بە چەند رێگایەكی جوراوجۆر لە دەرەوە و ناوەوەی ماڵدا دادەمەزرێن و لێرەدا بە شێوەیەكی پوخت لەبارەیانەوە دەدوێن: .

1.سەقفی (ceiling mount)

2.هەڵواسراو بە سەقفەوە (ceiling patch)

3.دامەزراندان لەسەر (سێ پا . چوارچێوە (mast mount

4.دیواری (wall patch)

5.ئاریەڵی (YAGI) كە لەسەر (سـێ پا . چوارچێوە) دادەمەزرێت.

6.ئاریەڵی دەوری (صەحن) Dish or parabolice

antennas) كە لەسەر (سێ پا . چوارچێوە) دادەمەزرێت.

## جۆرەكانی ئاریەڵی وایەرلێس

### 1.ئاریەڵە فرە ئاراستەكان:

#### أ.ئـاریەڵـی فـرە ئـاراسـتـەی سەقفی (لـە نـاوەوەی ماڵدا بەكاردێت):

ئەم جۆرە ئاریەڵە لە پانتایەكی مام ناوەندا كاردەكات و دەبێت لە ناوەوەی ماڵدا بەكار بهێنرێت و گۆشەی روانینی ئاسۆیی لە سنوری (360 پلە) و گۆشەی روانینی ستونی لە سنوری (80 پلە) یە و دەتوانین ئەم ئاریەڵە پەیوەست بكەین بە كۆنێكتەری PR.TNC دەبێت لە (AP) ببەسرێت. شێوەی ئەم ئاریەڵە لاكێشەییە و قەبارەكەی (14×7 X2) و كێشێكی كەمی هەیە و لە نێوانی (200 بۆ 500) گرامە و زۆر بە سانایی دەتوانین لە نێو سەقفی ژوورەكەمان دابنێین و رەنگە خۆڵەمیشی و سپێەكەشی كارێك ناكات دێكوری ژوورەكەمان تێك بچێت و جوانی ژوورەكەمان دەپارێزێت.

بە گشتی توانای ئەم ئاریەڵە (2dbi) و رووبەر و خێرایی (1mbps) لە (110مـەتـر) و خێرایی (11mbps) لە (45 مەتر)، و ئەو كێبڵەی بەكاردێت بۆ ئەم جۆرە ئاریەڵە (كواكسیال) و لە نێوانی ئاریەڵەكەوە بۆ (AP) لە (یەك مەتر تا دوو مەتر) دەبێت.




ناسنامەی نمونەیەك لە ئاریەڵی فرەئاراستەی سەقفی

www.c4kurd.com

| روبەری فرکانس بۆ ئیش کردن | 5.2.GHZ2.4 |
|---|---|
| vswr | 1.4:1 |
| توان | WATTS5 |
| توانای ئاریەڵ | 0.DBI2 |
| شێوازی روانین ( پلاریزاسیون ) | Vertical linear |
| گۆشەی روانینی ئاسۆیی | omnidirectional |
| گۆشەی روانینی ستونی | Degrees 80 |
| جۆری کانکتۆری ئاریەڵ | RP. TNC |
| قەبارەکان ( درێژی/پانی/ قەبارە بە اینج ) | 8*5.3.9*2.In 0 |
| شیوازی دامەزراندن | سەقفی |

ب. ئاریەڵی فرە ئاراستەی هەڵواسراو بەسەقفدا (لە ناوەوەی ماڵدا بەکاردێت):

ئەم جۆرە ئاریەڵە لە پانتایەکی مام ناوەندا کاردەکات و دەبێت لە ناوەوەی ماڵدا بەکار بهێنرێت و گۆشەی روانینی ئاسۆیی لە سنوری (360 پلە) بە شێوەی (بازنەیی تەواو) و گۆشەی روانینی ستونی لە سنوری (40 بۆ 50 پلەیە) و شێوەی ئەم ئاریەڵە لە بۆری دەچێت و درێژاییەکی (25 سانتی مەتر) و قەبارەی دەوری بازنەیی (5/2 سانتی مەتر) و کێشێکی زۆر کەمی هەیە و لە نێوانی (150 بۆ 500 گرام) دەبێت و چونکە ئەم جۆرە ئاریەڵە لە سەقفەوە شۆر دەبێتەوە پێداویستی پێویستی لەگەڵدایە بۆ هەڵواستنی.

. ئەو کێبڵەی کە بەکاردێت بۆ ئەم جۆرە ئاریەڵە (کواکسیال) و لە نێوانی (یەك مەتر بۆ دوو مەتر) دەبێت و دەتوانین ئەم ئاریەڵە پەیوەست بکەین بە (کۆنێکتەری PR.TNC) و هاوشێوەکانی.

. بە گشتی توانای ئەم ئاریەڵانە (5dbi) و روبەر و خێرایی (1mbps) لە(160 مەتر) خێرایی (11mbps) لە (50 مەتر) و لە خێرایی زیاتردا تا (15 مەتر).



## ناسنامەی نمونەیەك لە ئاریەڵی فرەئاراستەی هەڵواسراو بە سەقفدا

| روبەری فرکانس بۆ ئیش کردن | 4.8.2.GHZ3 |
|---|---|
| vswr | Normal 1.5:1 |
| توان | WATTS 5 |
| توانای ئاریەڵ | 2.DBI 5 |
| شێوازی روانین ( پلاریزاسیون ) | Vertical |
| گۆشەی روانینی ئاسۆیی | omnidirectional |
| گۆشەی روانینی ستونی | Degrees 50 |
| جۆری کانکتۆری ئاریەڵ | RP. TNC |
| قەبارەکان ( درێژی/پانی/ قەبارە بە اینج ) | 25*9.In 1 |
| شیوازی دامەزراندن | هەڵواسراو بە سەقفدا |

ت. ئاریەڵی فرەئاراستە/ دامەزراندان لەسەر (سێ پا ـ تاوەر) و (لە دەرەوەی ماڵدا بەکاردێت):

شایانی باسە ئەم جۆرە ئاریەڵەش هەر وەك ئەو ئاریەڵانەی کە لەبارەیانەوە دواین لە پانتایەکی مام ناوەندا کاردەکات و دەبێت لە دەرەوەی ماڵدا بەکار بهێنرێت و گۆشەی روانینی ئاسۆیی لە سنوری (360 پلە) و گۆشەی روانینی ستونی لە سنوری (50 پلەیە) و و درێژاییەکی (30 سانتی مەتر) و قەبارەی بازنەیی (3 سانتی مەتر) و کێشێکی زۆر کەمی هەیە و لە نێوان (500 بۆ 1500 گرام) دەبێت زۆر بەئاسانی لەسەر (سێ پا ـ تاوەر (تاوەری هێڵی ئینتەرنێت + موبایل + رادیو و ...هتد) دادەمەزرێت و چونکە ئەمجۆرە ئاریەڵە لە دەرەوەی ماڵ دادەمەزرێت و کاری پێدەکرێت بە شێوەیەکە لە بەرامبەر (سەرماو گەرماو رەشەباو بەفروباران) توانای بەرگری هەیە و بەبێ بوونی هیچ کێشەك لە دەرەوەی ماڵداو لە رووبەرێکی کراوەدا زۆر بە سانایی کار دەکات، بە پێچەوانەی ئەو ئاریەڵانەی کە تەنها لە ناوەوەی ماڵدا دادەمەزرێن و کاریان پێدەکرێت.

. بە گشتی توانای ئەم ئاریەڵانە بە گوێرەی بەها و ناونیشان لە نێوانی(5 تا 8 dbi) و روبەر و خێرایی (2 mbps) لە (1700 مەتر) و خێرایی (11 mbps) لە (550 مەتر) و ئەو کێبڵەی کە بەکاردێت بۆ ئەم جۆرە ئاریەڵە (کواکسیال) و لە نێوانی (یەك مەتر بۆ دوو مەتر) دەبێت و دەتوانین ئەم ئاریەڵە پەیوەست بکەین بە کۆنێکتەری و PR.TNC .



# یـــــادگای سەرەكی
# Main Memory

محمد ابوبكر تۆفیق
Mohamad11@gmail.com

❑ یادگا ئـەو شوێنەیە كە هەموو زانیاریەكان تیایدا سەیڤدەكرێت یان بە شێوەیەكی كاتی یان بە شێوەیەكی بەردەوامی و لەیەك جێگای كۆمپیوتەرەكەدا دیاری نەكراوە لەوانەیە بەكارهێنانی یادگا لە پرۆسێسەر و كارتی شاشە و كارتی دەنگ بەكاربێت ئەمانە تەنها نمونەن لە سەر پێكهاتەكانی كۆمپیوتەر كە پێویستی یان بە یادگای تایبەتی هەیە بۆ كاركردنیان. لێرەدا و لەم بابەتەدا باس لە یادگای سەرەكی دەكەین و پێكهاتەكانی وەكو Rom كەتەنها یادگای خوێندنەوە (Read only Memory) یە وە ئەمەش جۆرێكەلەسادەترین جۆری یادگا و یادگای كاتی ( RAM Random Access Memory) .

یادگای تەنها خوێندنەوە ROM Read only Memory


سادەترین جۆری یادگا و تەنها بۆ خوێندنەوە بەكاردێت، زانیاریەكان دەنوسرێت لەسەر پەڕەكەی یادگاو دەمێنێتەوە بەشێوەی سەیڤكراوی بەبێ گۆڕان و هیچ زانیارییەكی تازەی تری ناخرێتەسەر لەسەر شێوەی پرۆگرام، و خسڵەتی ئەم یادگایە ئەوەیە كە هیچ پێویستیەكی بە ووزەی كارەبا نیە بۆ پاراستنی زانیارییەكان.

جۆرەكانی ROM ئەمانەن :-

1. یادگای كلاسیكی ROM :- ئـەم جۆرەیان یادگای بەردەوامە كە پرۆگرام دەكرێت لەلایەن تەنها ئەو كۆمپانیایەی كە دروستی دەكات .


2. یادگای هەمیشەیی كە توانای پرۆگرامكردنی هەبێت PROM :- ئەتوانرێت پرۆگرامكردنی دووبارە بكرێتەوە لە ڕێگای ئامێرێكی تایبەتەوە كە بەستراوە بە ئامێری كۆمپیوتەرەكەوە وە لە ڕێگای زوومێكەوە كە دەردەكەوێت لەسەر ڕووی سەرەوەی یادگاكە .

3. یادگای هەمیشەیی كە توانای پرۆگرامكردنی هەبێت EPROM :- جۆرێكی پێشكەوتووە بە ئاسانی پرۆگرام دەكرێت و پێویستی بە ئامێری تایبەتی نیە بەڵام پرۆگرام كردنی دەكرێت لە ڕێگای پرۆگرامێكی تایبەتەوە دەتوانین دەستمان بكەوێت لەو كۆمپانیایەی كە دروستی دەكات یان بەرهەمی دەهێنێت .





4. یادگایێك كە توانای دوبارە نوسینەوەی هەبێت بە پرۆگرام Flash ROM

ئەم جۆرەیان تازەترین جۆری یادگای بەردەوامە تێكەڵ كراوە لە گەڵ بۆردی دایكدا ئەمجۆرەیان پرۆگرامكردن و تازە كردنەوەی ئاسانە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە و لە ڕێی ئەو پرۆگرامانەی كە لەگەڵ بۆردی دایكە بەڵام لە نەرێ كانی ئەم جۆرە یادگاە ئەوەیە كە تووشی ڤایرۆس دەبێت لە بەر ئەوە تەكنۆلۆژیای (Dual BIOS) بۆ دانراوە و ئەمەش بەشێكی زیادەیە كە توانای سڕینەوەی ناوەڕۆكی یان نییە كە هاوڕێیە لە گەڵ (Flash ROM)دا وەكارێكی یەدەگیی بۆ دەكات.




وێنە ئەوبەر جۆرەكانی یادگای تەنها خوێندنەوە ROM ڕوون دەكاتەوە:


www.c4kurd.com




سیستمی دەربەر و دەرهێنەر

Basic Input Output System  BIOS

هەندێك پرۆگرام سەیڤدەكرێت لە یادگایێكی تەنكدا لە جۆری ROM كەچەسپێنراوە لەسەر بۆردی دایك لەناو ئامێری كۆمپیوتەر و ئەم یادگایەش پێیدەوترێت BIOS كە یارمەتی ئامێری كۆمپیوتەر دەدات وكاردەكات لەسەر ئەوەی كەلەسەرەتای ئیشپێكردنی كۆمپیوتەردا هەڵدەستێت بە پشكنینی خۆیەتی (Power on Self Test) POST و چاودێری كارەكەی دەكات بەشێوەیەكی ڕاست و دروست و دوای ئەوە ڕێگە دەدات بە سستەمی كاركردن دەست پێبكات، سەرنجی وێنەی خوارەوە بدە:




سسیتەمی دەربەر و هێنەرBIOS هەڵدەستێت بەم فەرمانانە

1. بەڕێوەبردن و كارپێكردنی یەكە سەرەكیەكانی دەربەر وهێنەر كە بەستراون بە بۆردی دایكەوە وەكو كی بۆرد و كارتی شاشە.
2. بەدواداچوون و پێشوازیكردن لە ئامادەكارییەكانی ئامێری كۆمپیوتەر لە ڕویكی تایبەتەوە كە پێی دەوترێت پرۆگرامی ئامادەكاری سیمۆس (CMOS Set Up Program) .
3. هەڵدەستێت بە هەڵگرتنی سستەمی كارپێكردن لەسەر دیسكی هاردویر بۆ RAM .
4. ڕێكخستنی ئیشی سستەمی كارپێكردن لەگەڵ یەكەكانی دەربەر و دەرهێنەر دوای ئەوەی كە ئیشی پێدەكات .

كرداری پشكنینی خۆییPower On Self Test  Post


لەسەرەتای كارپێكردنی ئامێری كۆمپیوتەر هەڵدەستێت بە ڕێكاری پشكنینی خۆیی POST بۆ دەست نیشان كردنی لەكاركەوتنی لەبەشە هاردوێرەكانی ئامێرێكە و ئەم لە كاركەوتنانە دەستنیشان دەكرێن لە ڕێگای نامەیەكەوە كە ئامێری كۆمپیوتەرەكە دەینێرێت، وەكرداری پشكنینی خۆیی ئەمانە دەگرێتەوە

1. پشكنین و كارپێكردنی پرۆگرامی یادگای تەنها خوێندنەوە ROM و كارپێكردنی لە خۆوە .
2. پشكنینی پێكهاتەكانی كۆمپیوتەر  Hard Ware بۆ دڵنیابوون لە كاركردنی بە شێوەیەكی دروست و دروستی بەخشێنەری ووزە Power Supply .
3. پشكنینی (RAM)
4. پشكنینی كارتی شاشە (SVGA) و پیشاندانی خەسڵەتەكانی كارتی شاشە .

یادگای كارپێكردن و ئامادەكردن


Complementary Metal Oxid Semiconductor CMOS

لە ڕێگای ئەم یادگایەوە دەتوانین پارێزگاری بكەین لە كات و بەرواور چەند ئامادەكاریەك كە یارمەتی ئامێری كۆمپیوتەر دەدات لە سەر هەڵسان بە ڕێكارەكانی كارپێكردن و پارێزگاری لێدەكرێت لەناو پرۆگرامی ئامادەكردنی سموس (CMOS)دا.وە پارێزگاری لەم یادگایە دەكرێت بە پاتریەك كە ووزەی دەداتێ بۆ پارێزگاری كردن لە كات و بەروار لە كاتی كوژاندنەوەی ئامێری كۆمپیوتەرەكەدا.سەرنجی وێنەی خوارەوە بدە:




یادگای كاتی RAM(Random Access Memory

ئەم یادگایە پێیدەوترێت یادگای كاتی بەكار دێت بۆ سەیڤ كردنی زانیاریەكان بەشێوەیەكی كاتی وەلەگەڵ بڕانی تەزووی كارەبا هەموو زانیاریەكان بەتاڵ دەبێتەوە،،،



# فەیسبووک سێهەم گەورەترین وڵات لە جیهاندا..!!




ئەندازیار زانیار

❐ رەنگە کاتێك ئەو ناونیشانەی سەرەوە دەخوێنیتەوە پێت سەیر بێت باشە کەی (فەیسبووك) بووە بە دەوڵەت؟ خۆ ئەو تەنها وێبسایتێکەو هیچی تر.. قسەکەت راستە ئەو وێبسایتە، بەڵام وێبسایتەو زۆری تر.. خەریکە ژمارەی ئەندامانی خۆی لە (500) ملیۆن دەدات، بەم پێیەش ئەگەر وەکو وڵاتێکی ئەندێشەیی باسی لێوە بکەین ئەوا دەبێتە سێهەم وڵات لە ژمارەی دانیشتوان کە ئەویش دوای چین و هیندستان دێت.. ئەم وڵاتە ئەندێشەییە ئەوەندە فرەیی فەرهەنگی و زمان و رەگەزو نەتەوەی تێدایە کە بەهیچ وڵات و ئیمبراتۆریەتێك بەراورد ناکرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا.

(فەیسبووك) ئێستا بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بەڵکو سیاسیش، وەکو باسمان کرد ئێستا ژمارەی ئەندامانی خۆی لە نیو ملیار ئەندام دەدات کە ئەمەش گرنگی رۆڵی شۆڕشی گەیاندن و ئینتەرنێت دەردەخات لە جیهانی ئەمڕۆماندا. ئەم شۆڕشە توانیویەتی نیو ملیار کەس لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکان کۆبکاتەوە.

بێ گومان (مارك زوکربرگ)و قوتابیە هاوڕێکانی لە کۆلێژی زانستی کۆمپیوتەر لە زانکۆی هارفاردی ئەمریکی نەیاندەزانی ئەو وێبسایتەی کە لە ساڵی 2004 بۆ قوتابیانی زانکۆکەیان دروستیان کرد دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سنوورەکان دەبەزێنێت و سەرتاسەری دونیا دەگرێتەوە.

رۆژانە ملیۆنەها کەس لە رێگەی فەیسبووکەوە و لە بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەرەکانیان و هەر لە سەر کورسییەکانیان یەکتر دەناسن و هاوڕێیەتی دروست دەکەن. ئەندامانی ئەم وێبسایتە چەندین کاژێر بەسەر دەبەن لەسەر ئەم وێبسایتە جا بەمەبەستی کار بێت یاخود کات بەسەربردن رۆژانە ملیۆنەها وێنە ئەپلۆد دەکرێت و بە ملیارەها کۆمێنت دەنووسرێت و سەدان گروپ دروست دەکرێن.

لە لایەکی ترەوە فەیسبووك بووە بە مینبەرێك بۆ دەربڕینی راو رای جیاواز و بووە بە گەرووی هەناسەییەکی ئازادی بۆ زۆرێك لەوانەی کە لە دونیای واقعدا ناتوانن ئەو وشانە دەرببڕن بۆیە پەنا بۆ دونیای ئەلیکترۆنی دوور لە دەست و چاوی بەرامبەرەکانیان دەبەن، فەیسبووك بووە بە مینبەری رکابەرەکانی هەڵبژاردن و گردبوونەوە جەماوەرییەکان، فەیسبووك بووە بە کەناڵێکی گرنگ بۆ زانستخوازان و ئەدەب دۆستان و رۆشنبیران و سیاسەتمەداران ... هتد.


لە رێگەی (گروپ)ەکانی فەیسبووکەوە گفتوگۆی سەدان کێشەو باس و خواسی جۆراوجۆر دەکرێت وەکو بابەتە رۆشنبیری و کەلتوری و فەرهەنگیەکان و زانست و تەکنەلۆژیاو وەرزش و کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان و بابەتەکانی یەکسانی و دادپەروەری و دیموکراسیەت و سەدانی تر، هەربۆیە فەیسبووك بووە بە سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی زانیاری و رۆشنبیری بەڵام بەداخەوە ئەمانەتی زانستی زۆر کەم رەچاودەکرێت لە گواستنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

سەرەڕای ئەمانەی سەرەوە کە باسمان کرد کەچی فەیسبووك ناتوانێت جێگای ئەو ژیانی رۆژانە ئاساییەی خەڵك بگرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەزارەها کەسی تووشی ئالوودەبوون کردووە کە ناتوانن تەنها بۆ چەند کاژێرێکیش بێت بەردەم شاشەو سەر کیبۆردەکەیان بەجێ بهێڵن، ئەمەش بێگومان کاریگەری خراپی هەیەو دەبێت لەسەر ژیانی رۆژانەی ئاسایی ئەو کەسە.

بەهەر حاڵ بمانەوێ و نەمانەوێ فەیسبووك بووە بە ئەمری واقع و خۆی سەپاندووە بەسەر تۆڕی جیهانیی ئینتەرنێت و جێگای خۆی لەنێو دڵی ملیۆنەها خەڵك کردۆتەوەو بووە بە سێهەم وڵات لە ژمارەی دانیشتوان..!!

www.c4kurd.com

# دوای مردنت چی بەسەر ئەکاونتەکانت دێت لە سەر ئینتەرنێت؟



❑ ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە دوای مردنت -بەهیوای تەمەن درێژی بۆ هەمووان- چی بەسەر ناونیشانی ئیمەیڵەکانت و ئەکاونتەکانت لە فەیسبووک و تویتەر و فلیکەرو ... هتد دێت. ئایا بۆ کەس هەیە بتوانێت ئەم ناونیشانانە بکاتەوەو سەیریان بکات، ئایا ئەم کارە دەکرێت؟ ئایا کۆمپانیاکانی ئەم خزمەتگوزارییانەی ڕێگە بەم کارە دەدەن یان نا؟

### 1.ئیمەیڵەکان:

ویبسایتی (هۆتمەیڵ) بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەگەر ئەو کەسە بۆ ماوەی (1) ساڵ ئیمەیڵەکەی بەکارنەهێنێت ئەوا ناونیشانی (ئەکاونتی) ئیمەیڵەکەی دەسڕێتەوە. بەڵام کاتێك کەسوکارەکەی داوایان کرد ئەوا ڕێگە بە کەسوکارەکەی دەدات کە سەیری ئیمێڵەکانی کەسی کۆچکردوو بکەن و لەسەر سی دیبەك پێیان دەدرێت، بەو مەرجەی کە وەفاتنامەی رەسمییان پێ بدرێت و وەکالەتنامەیەك لەلایەن کەسی کۆچکردوو بدرێت بە کەسوکارەکەی پێش کۆچی دوایی.

هەرچی (جی مەیڵە) جگە لەم بەڵگانە پێویستە پێشوەختە لەلایەن کەسی کۆچکردووەوە کەسێکی خۆی سەرپشك کردبێت بۆ ئەو کارە کە بتوانێت دوای مردنی ئیمەیڵەکانی ببینێت، ئەوەش لە ڕێگەی ناردنی ئیمەیڵێك بۆ ئەو کەسەوە سەرپشك کردنی بە هەستانی بەو کارە.

بەڵام سیاسەتی یاهو بەهیچ شێوەیەك ناونیشانی کەسێك بە کەسێکی تر نادات هەرچەندە ئەو کەسە کەسێکی نزیکی کەسی کۆچکردووش بێت، بەڵام لەکاتی پێشکەش کردنی وەفاتنامەی رەسمی بە کۆچکردنی ئەو کەسە ئەوا ناونیشانەکەی دەسڕێتەوە.

### 2. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

سەبارەت بە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە، ئەگەر کەس و کاری کۆچکردوو دوای پێشکەشکردنی وەفاتنامە حەزیان کرد دەتوانن ئەکاونتەکە بسڕنەوە یاخود زانیارییەکان بگوازنەوە بۆ بەشی یادگاوەرییەکان، لەگەڵ لادانی هەموو تایبەتمەندییەکانی زیادگاکردن و بەشداری و ڕیگا بە هاوڕێ تۆمارکراوەکان دەدات بە سەیرکردنی وێنە و خوێندنەوەی زانیاریەکانی کەسی کۆچکردو.

### 3. بەشداری وێنەکان:

ویبسایتی بەناوبانگی (فلیکر) بۆ وێنەکان ئەکاونتی کەسی کۆچکردوو وەکو خۆی دەهێڵێتەوە هەموو کەس دەتوانێت سەیری وێنە ئەپلۆدکراوەکانی بکات تەنها ئەو وێنانە نەبێت کە وەکو وێنەی کەسی لەلایەن کەسی کۆچکردوو دیاریکرابوون، ئەم وێنە کەسیانە کەس ناتوانێت سەیریان بکات هەتا کەسوکاریش.





یەك جیاوازی بدۆزەرەوە لە نێوان ئەم دوو وێنەیە، جیاوازییەکە بنێرە بۆ ئەم ئیمەیڵە np@c4kurd.com
جوانترین جیاوازی، فلاش میمۆریەکی 16گێگا لە گۆڤاری سی فۆر کورد بەدیاری وەردەگرێت.

---




کاتێک کۆمپیوتەر ئاماژە بەمنداڵی دوانە (جمک) دەکات!!




تکایە ئیمەیڵەکانتان زوو زوو بکەنەوە!!!




ئەوکاتانەی کۆمپیوتەر جێگەی زۆر شتی ترمان بۆ دەگرێتەوە



گەر کۆمپیوتەرەکەت تێکچوو، کەیسەکەی فرێ مەدە
ئەم بەهارە سودی دەبێت!!

# ٦ سایتی تایبەت بە فێربونی فۆتۆشۆپ

tutoriales-photoshop.es




www.nor4g.net




www.photoshopstar.com




www.photoshopessentials.com



www.photoshoplady.com



photoshoptutorials.ws






باوکی هێڤار

# سەرتاشخانەیەك لە هەولێر بە مۆبایل کاردەکات

❐ سلاو... ساڵی چوارەمی سی فۆر کورد لە ئێوە و ئێمەش و هەمووولایەك پیرۆز بێت. نازانن چەند دڵم خۆشە وا چوینە ساڵی چوارەمیشەوەو خوا کەریمە بۆ ساڵەکانی تریش. بە هەرحاڵ با سەردێرەکەم لە بیرنەچێتەوە. خراپ لەو عنوانە تێمەگەن، مەبەستم ئەوە نییە کە کابرای سەرتاش لەجیاتی مەقەست و شانە، مۆبایل بەکاربهێنێت. نە بەقوربان ئەوە مەبەستم وەستا ئەحمەدی سەرتاشمە کە هەموو مانگێك ئەبێت من و هێڤار ببینە میوانی بۆ سەرچاککردن.

وەستا ئەحمەد وەستایەکی هەمیشە دەم بە خەندەی گەنج و (قۆزە). زیاتر لە 8 ساڵ ئەبێت سەر لای ئەو چاك ئەکەم و هەمیشە مورتاح بوین لەوێ. ئەوەی سەرنجی راکێشام فکرەیەکی جوانی ئەو بوو هەوڵی داوە مۆبایل بەکاربهێنێت بۆ زیاتر پێشخستنی ئیشەکەی. با چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی لەوەو گوێمان لێی بێت بزانین چۆن ئەو فکرەی بۆ هاتوە.



وتی رۆژێکیان کابرایەك هاتە لام تەنها ئەیویست پشت مل و قەنافسی بۆ چاك بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی چەند کەسێکی لە پێش بوو داماوە زیاتر لە سەعاتێك چاوەڕێی کرد، دوای ئەوە کە سەرەی هات وتی من فکرەیەکت پێ ئەڵێم ئیستفادەی دەبێت و لە زۆر لایەنەوە قازانج ئەکەیت، ئەمیش ئەپرسێت چیە؟ ئەڵێن هەوڵ بدە مۆبایل بەکاربهێنە بۆ سەرە گرتن، چونکە ئێستا منداڵی بچوکیش مۆبایلی هەیە.

وەستا ئەحمەد ئەڵێت قسەکەی کابرام زۆر بە دڵ بوو هەرچەندە سەرەتای ئیشەکە زۆری دەویست بەڵام وتم هەر ئەیکەم. هەتا ئێستا گێڕانەوەی وەستا ئەحمەدە. ئەنجا سەرەی منە...

رۆژێکیان چومە سەرتاشخانەکەی سەیر ئەکەم قطعەیەك هەڵواسراوەو نوسراوە لە بەرواری (وەڵا بیرم نەماوە) هەرکەسێك بیەوێت سەرچاك بکات تەلەفون بکات بۆ ئەو رەقەمە تاکو ناوی بنوسین و کاتی بۆ دیاری بکەین و سەرەی بۆ بگرین. یانی دعایەی کارەکەی پێش مانگێك هەڵواسیبوو. دوای ئەو کاتە ئیتر من پێش ئەوەی بچم ئەم دەمەتەقێیە روو ئەدات:

+وەستا ئەحمەد چۆنی باشی؟ سەرەیەکم بۆ دابنێ بۆ ئەم شەو.

- بەسەرچاو سەعات هەشت و نیو باشە؟

+ زۆرباشە دەست خۆش.

ئەم چەند سانیەی کە چەند دینارێك دەبات کاری مانگانەی ئێمەیە. دوای ئەوە سەعات هەشت و نیو ئەچم سەیر ئەکەم سەرەی خۆمە و بێ ئەوەی سەرە بگرم. با ئەوەش لە بیرنەکەم صەبورەیەکی داناوە ناوەکەت و سەعاتەکەت ئەنوسێت. ئیتر لەسەر ئێشەی سەرەگرتن و ئەمسەو ئەوسەر نەجاتمان بوە. ئەم چەند رەسمە هی جەژنە گرتومە، لەگەڵ ئەوەی هەموو سەرتاشخانەکان جمەیان ئەهات هی ئەم تەنها جمەکە لەسەر ئاوێنەکەی بوو کە ناوی خەڵك تا سێی شەو نوسراوەو هەموان لە کاتی خۆیان دێن.

وەستا ئەحمەد ئەڵێت جگە لەوەی ئەمە ئاسانکاریە بۆ مشتەریەکانم، منیش نەجاتمان بوە لە موناقەشەی خەڵك کە زۆرجار ئێرە وەکو پەرلەمانی لێ ئەهات!! بەڵام ئێستا هەمووی لەکاتی خۆی دێت و دەڕوات...

www.c4kurd.com